# کاریگەریی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسری کۆن لەسەر ئەفسانەی (دادە ماسی)ی زاری لوڕیی کوردیدا

## توێژینەوەیەکی بەراوردی ئەدەبییە بەپێی (قوتابخانەی فەڕەنسی)

**پ. ی. د. ڕێبین خلیل قادر**

بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

کاریگەری هەندێک لە ئەفسانە کۆنەکانی میللەتانی کۆن و پێشوو، واتە ئەو میللەتانەی ئێستا چ وەکو نەتەوە و چ وەکو زمان نەماون و لەناوچوون بە ئاشکرا بەسەر هەندێک لە دەقە ئەفسانەییە کوردییەکانەوە دیارە. ئەمەش بەهۆی لێک نزیکی ئەم میللەتانە لەڕووی جوگرافی و بوونی پێوەندی مێژوویی لەنێوانیاندا. جا ئەم پێوەندییە لەسەر ئاستی هاوسێیەتی یان لەسەر ئاستی جەنگ و داگیرکاری یان لەسەر ئاستی ئابوری و بازرگانی و هاتوچۆ بێت، دەشێت یەکێک لەمانە ئەم کاریگەرییەی گواستبێتەوە. ئەوەی لەم توێژینەوەیەی ئێمەدا دەخرێتەڕوو بریتییە لە مەسەلەی کاریگەری ئەفسانە و سەرگوزەشتەیەکی کۆنی سەردەمی میسرییە فیرعەونییەکان بەناوی (ڕۆدۆپیس) لەسەر ئەفسانەیەکی کۆنی کوردی بە زاری لوڕییەکان بەناوی (دادە ماسی)، کە دواتر و لە سەدەکانی دوای زایین لە ئەوروپا ئەم ئەفسانە میسرییە کۆنە بەناوی حیکایەتی (سەندرێلا) و بە چەند ناوێکی ترەوە لە ئەفسانە و حیکایەتی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا دەرکەوتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئەوروپییەکان ئەم ئەفسانەیان لە میسرییە کۆنەکانەوە وەرگرت و بە کۆمەڵێک گۆڕانکارییەوە بە ناوێکی ئەوروپییانەوە سەرلەنوێ بڵاویان کردەوە. بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە سوود لە میتۆد و بنەماکانی قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسی وەرگیراوە و توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی**: *ڕۆدۆپیس، دادەماسی، ئەفسانە، ئەفسانەی کوردی، کاریگەری ئەدەبی.*

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەریی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسری کۆن لەسەر ئەفسانەی (دادە ماسی)ی زاری لوڕیی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی کاریگەری

و لایەنەکانی لێکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەفسانەی کۆنی میسرپیە کۆنەکان بەناوی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادە ماسی) لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

**گرنگی توێژینەوە**

بـــایەخ و گرنگـــی ئەم تـــوێژینەوەیە لەوە دایە کە هەوڵـــدراوە کـــاریگەری و شـوێنەوارەکانی ئەفسـانەی (ڕۆدۆپـیس) لەسـەر ئەفسـانەی (دادە ماسـی) بخـرێتەڕوو، ئەمەش یەکەم توێژینەوەیە کە هەوڵی دابێت کاریگەرییەکانی ئەفسانەیێکی کۆنی میسرپیەکان بەسـەر دەقێکـی ئەفسـانەیی کوردیـدا، جـگە لەمەش بـایەخێکی تـایبەتی هەیە لە بـواری بەراوردی ئەدەبیدا و دەبێتە هاندانێک بۆ توێژینەوە لە دەقە ئەفسانەییە کوردییە کۆنەکان و بەراوردکردنیان بە ئەفسانە و ئەفسانەکانی ئەدەبیاتی بێگانە.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی بنەماکانی (قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەڕەنسی) کراوە.

**پلانی توێژینەوە**

ئەم تـوێژینەوەیە، لە پێشـەکی و دوو بەش پێکهـاتووە. بەشـی یەکەم تـایبەتە بە ئەفسانە بە گشتی و لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا زاراوە و چەمک و پێناسەی ئەفسانە خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی دووەمدا بە کورتی و بە گشتی باسی ئەفسانە و ئەفسانە کۆنەکانی میسرپیە کۆنەکان کراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا ئەفسانەی ڕۆدۆپیس و کاریگەرییەکانی خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی چوارەمدا باسی ئەفسانەی کوردی و هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی کراوە. لە تەوەرەی پێنجەمدا باسی کاریگەری نێوان ئەفسانەی نەتەوە جیاوازەکان و هۆیەکانی گواستنەوەی ئەم کاریگەری و پێوەندییانە کراوە. لە تەوەرەی شەشەمدا باسی کەناڵی پێوەندی و هۆکارەکانی گواستنەوەی کاریگەری نێوان ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادە ماسی) کراوە. بەشی دووەم کە پراکتیکییە و هەوڵدراوە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادە ماسی) بخرێتەڕوو، لە تەوەرەی یەکەمدا خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوانیان لەسەر ئاستی ڕووداوەکانەوە خراوتەڕوو. لە تەوەرەی دووەمدا خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوانیان لەسەر ئاستی کەسێتییەکانەوە خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی سێیەمدا خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوانیان لەسەر ئاستی شوێنەکانەوە خراوەتەڕوو. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## ١ : ئەفسانە

### ١- ١: زاراوە و چەمک و پێناسەی ئەفسانە

ئەفسانە لەڕووی زمانییەوە، وەکو زاراوە لە زمانی کوردیدا (ئەفسانە) و لە زمانی عەرەبیدا (أسطورة) و لە زمانی ئینگلیزیدا (Myth) یان (Legend) بەکاردێت. زاراوەی (myth) لە بنچینەدا لە زاراوەی (Mythos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بە مانای (ئەو شتەی کە دەربڕدراوە) یان (ئەو شتەی کە بە شێوەی زارەکی گوزارشتی لێوە دەکرێت) دێت، واتە گێڕانەوەی ئەفسانە، یان بە مانای ئەفسانەی خەیاڵی دوور لە واقیع دێت (Kerenyi, 1951, 4). هەرچی زاراوەی (Legend)ە بە مانای ڕووداو و چیرۆکێک دێت کە نائاسایی بێت و لە ڕووی مێژووییەوە نەسەلمێنرابێت. یان چیرۆکێکی خەیاڵی سەردەمی کۆنە، یان ئەو چیرۆکانەن کە هەمیشە ڕاست نین و دوورن لە ڕاستی و واقیعەوە، کە خەڵک لەبارەی ڕووداوێک یان کەسێتییەکی بەناوبانگەوە دەیگێڕنەوە (Cambridg, 2009, 819). بۆیە جیاوازی لەنێوان هەردوو زاراوەکەدا هەیە، زاراوەی (Myth) بۆ ئەفسانەی خواوەندەکان و زاراوەی (Legend) بۆ ئەفسانەی ئاسایی و باوی نێو خەڵک بەکاردەهێنرێت.

هەرچی (أسطورة)ی زمانی عەرەبییە، هەندێک توێژەری عەرەب پێیانوایە کە لە زاراوەی (Historia)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە ئەمیش بە مانای (ئەفسانە یان چیرۆک) دێت (مجموعة من الكتاب، ٢٠٠٩، ٢١). ئەمەش دوای هەندێک گۆڕانکارییان لە ڕووی دەنگەوە تێدا کردووە، بەڵام زاراوەی (هیستۆریا) یان (هیستۆری) بە مانای مێژوو دێت، لە کاتێکدا زاراوەی ئەفسانە بە مانای ئەفسانە و چیرۆکێکی خەیاڵی دوور لە واقیع، کە گوایە مرۆڤی سەرەتا دایهێناوە، گوایە ئاماژەیە بۆ لێکدانەوە و بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی سەبارەت بە دیاردە گەردوونی و سروشتی و بوونی و ژیانییەکانی دەوروبەری؛ بۆیە لای عەرەبەکان کێشە لەسەر بنچینە و ئەسڵی زاراوەکە هەیە.

ئەفسانە لە ڕووی زاراوەییەوە (وەکو چەمک و پێناسە)، زۆری لەبارەوە گوتراوە و بۆچوونی جیاوازی لەبارەوە هەیە. دەکرێت بڵێین:

- ئەفسانە: وەکو چەمک (بە بۆچوونی ئەوروپییەکان و شارەزایانی ئەفسانەناسی) ئاماژەیە بۆ ئەو بەرهەمە ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییە کۆنانەی ئاماژە بە بیروباوەڕ و بۆچوون و لێکدانەوەی مرۆڤی کۆن و سەرەتایی دەکەن لەبارەی بوون و ژیان و گەردوون و دیاردە گەردوونی و سروشتی و دیاردە جیاوازەکانی دەوروبەری مرۆڤ و و مردن .... هتد دەکات.

- ئەفسانە: ئاماژەیە بۆ بیروباوەڕ و سروتە ئایینی و پەرستشییەکان و دیدی ئایینی کۆنی میللەتە سەرەتاییەکان.

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی ئەوروپییەکانەوە ئەفسانە بەرهەمی ئەوکاتەیە کە ئادەمیزاد دەستەوەسان و بێ دەسەڵات ڕووبەڕووی سروشت دەوەستا و هیچ ڕووداوێکی سروشتی بە ڕێکی بۆ لێک نەدەدرایەوە تێی نەدەگەیشت و دەسەڵاتیشی بەسەریا نەبوو، بۆیە دەرگەی بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ دەخستە سەرپشت و بەو جۆرەی کە ئەم ئەفسانانەی لێ هاتە بەرهەم، هەموو شتی لێک دەدایەوە، واتە شێوەیەکی سادەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانی سروشت دەخاتە بەردەست. ئەگەر لە کونجی فەلسەفەشەوە بڕوانینە ئەفسانە، دەتوانین بە جۆرێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی دابنێین. هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ دەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت؛ (ڕەسول، ٢٠١٠، ١٧). ئەم بۆچوونانە لەبارەی سەرهەڵدان و داهێنانی ئەفسانەکانەوە لەلایەن مرۆڤەوە لە تێڕوانینێکی دوور لە ئایینەوە سەریهەڵداوە، بەمەش مرۆڤی سەرەتایی وەک مرۆڤێکی سادە و ساویلکە و ناعەقڵانی وێناکراوە؛ لە کاتێکدا لە ئایینە ئاسمانیەکان (بە گشتی) و ئایینی ئیسلام (بە تایبەتی) ئەوە هاتووە کە مرۆڤی سەرەتایی هەموو شتێکی زانیووە و خوای (خوڵقێنەری ئەم گەردوونەی) ناسیووە و پەرستوویەتی و ئایین و سروتی ئایینی هەبووە و شارستانیەت و شار و وڵات و شانشینی بونیادناوە و نووسینی زانیووە و توانیویەتی بخوێنێتەوە و شارەزایی ژیان و مردن و هەموو دیارە سروشتی و ژیانییەکانی دەوروبەری خۆی بووە.

### ١-٢: ئەفسانەکانی میسری کۆن

میسرییە کۆنەکان نەتەوەیەکن هەزاران ساڵ پێش ئێستا لە وڵاتی میسری ئێستادا ژیاون و خاک و شانشین و سوپا و سنور و داب و نەریت و یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی و ئایینی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ئەوانەی پاشای میسر بوون بە (فیرعەون) بەناوبانگ بوون. لە مێژوودا بە میسرییە کۆنەکان ناسراون و لە ئێستادا نەماون، تەنیا شوێنەوارە مێژوویییە کۆنەکانیان ماون. یەکێک لەو بوارانەی میسرییە کۆنەکانی پێ ناسراوە ئەفسانە و کۆنەکانیانە و لەم بوارەدا میسرییە کۆنەکان خاوەن چەندین ئەفسانەی ناسراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((ئەفسانەی میسری کۆن ناوبانگێکی میللی فراوانی بەدەست نەهێنا، وەک ئەفسانەی یۆنانی کۆن)) (ی.ف. راک، ٢٠١٠، ١٣). ئەمەش ڕەنگبێت پێوەندی بەوەوە هەبێت کە تێڕامانەکانی ئەفسانە یۆنانییەکان لە تێڕامانەکانی خەڵکانی ئێستا نزیکتر بێت و بەلای توێژەرانی ئەفسانەناسییەوە لۆژیکیتر بوبێت بە بەراورد بە ئەفسانەکانی میسرییە کۆنەکان. جگە لەمەش ڕەنگبێت ئەمە پێوەندی بە شارستانیەتی یۆنانی و سروشتی تێڕامان و لێوردبوونەوەکانی ئەم شارستانیەتەوە هەبێت بەرامبەر ژیان و سروشت و

هونەر و مرۆڤ. سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەکرێت بڵێین، لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا پێوەندی هۆکار و ئەنجام تێیاندا ڕوون و ئاشکرایە، کەچی ئەمە لە زۆرێک لە ئەفسانە میسرییە کۆنەکاندا بەدی ناکرێت. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەفسانەکانی میسرییە کۆنەکان لاواز بووبن و سنوری نەتەوەییان نەبڕیبێت و لەنێو نەتەوەکانی تردا بڵاو نەبووبنەوە، مێژووی شارستانییەتی میسری کۆن ئەوەی سەلماندووە کە ئەفسانە کۆنەکانیان لەنێو میسر و دەوروبەری میسر و نەتەوەکانی تریشدا بڵاوبوونەتەوە.

دەتوانین بڵێین، ئەفسانەکانی میسری کۆن کە لە لایەن پێشینانی کۆنی میسرییەوە لەبارەی دیاردە و ڕووداوەکانی سروشت و ژیار و ژیان و بوون و مرۆڤ و ئایینەوە لە شێوەی ئەفسانە و چیرۆکەوە ڕێکخراون و تێڕوانینی میسرییە کۆنەکان لەبارەی ئەو دیاردە و ڕووداوانەوە دەخەنە ڕوو. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی لەنێو ئەفسانەی میسرییە کۆنەکاندا باوە، مەسەلەی خواوەندەکانە، لەبەرئەوەی میسرییە کۆنەکان بت پەرست بوون و بتیان پەرستووە، بۆیە یەکێک بوون لەو نەتەوانەی (پەنا بە خوای تاک و تەنیا) باوەڕیان بە فرە خواوەندی هەبووە و تەنانەت هەندێک جار پاشا (فیرعەون)ەکانی خۆیان بە خواوەند زانیوە و پەرستوویانن (پەنا بە خوای تاک و تەنیا)، ئەمە لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)یشدا هاتووە و سەلمێنراوە، بۆ نموونە میسرییەکانی سەردەمی (موسا) پێغەمبەر (ﷺ) فیرعەونی سەردەمەکەی خۆیان (پەنا بە خوای تاک و تەنیا) بە خوا زانیوە و پەرستوویانە. بۆیە ئەم دیاردەیە پەیوەتەوە نێو ئەفسانەکانیشیان و بەشێکی زۆری ئەفسانەکانیان پێوەندییان بە تێڕوانینی میسرییە کۆنەکانەوە هەیە لەبارەی ئایین و ئاسمان و دروستبوونی گەردوون و خواوەندەکانیان و دەسەڵات و هێزیان. وەکو ئەفسانەکانی (ئۆزیریس و ئەفسانەی حۆرس و ئەفسانەی لەناوچوونی مرۆڤایەتی و ئەفسانەی سەیر و سەمەرەکانی ئیزیس و ..... هتد).

### ١-٣: ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) و کاریگەرییەکانی

ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) ئەفسانەیێکی میسرییە کۆنەکانە و گوایە لە سەردەمی فیرعەونەکانەکانی میسردا ڕوویداوە، بەتایبەتیش لە سەردەمی فیرعەون (ئەماسیس)ی دووەمدا بووە کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٥٢٦ — ٥٧٠ پ.ز)دا ژیاوە. سەرگوزەشتەکەی ئەوەیە کە (ڕۆدۆپیس) لە بنچینەدا کچێکی یۆنانی بووە و لە سەدەی (٦ پ.ز.)دا ژیاوە و لە یۆنان لەدایکبووە، دواتر کۆمەڵێک چەتە دەیرفێنن و دەیبەن بۆ میسر و لەوێ دەیفرۆشن بە پیاوێکی میسری، ئیدی ڕووداوەکە لەوێوە دەستپێدەکات و دوای ئەوەی نەعلەیەکی زێڕی دەکەوێتە دەست فیرعەون (ئەماسیس)ەوە، ئەویش بەدوایدا دەگەڕێت و لە سوچێکی ڕووباری (نیل)دا دەیدۆزێتەوە و دەیکات بە شاژنی خۆی.

یەکەم کەس کە ئەم ئەفسانەیەی لە سەدەی یەکەمی پێش زایینی (٦٣ یان ٦٤ پ.ز)یەوە تۆمارکردووە، مێژوونووسی یۆنانی (سترابۆ) بووە لە کتێبەکەیدا بەناوی (جوگرافیا _The Geography)، (سترابۆ) لە کتێبەکەیدا دەڵێت: چیرۆکێکی خوڕافی دەدەنە پاڵ (ڕۆدۆپیس)، گوایە ڕۆژێکیان خۆی دەشوشت، لەناکاو بازێک یەکێک لە نەعلەکانی دەرفێنێت و دەیباتە شاری (مەمفیس)؛ لەو کاتەدا پاشا کاروباری ڕەعیەتەکەی لە شوێنێکی کراوەدا بەڕێوە دەبرد، بازەکە هاتە سەر سەری پاشا و تاکە نەعلەکەی خستە نێو کۆشیەوە، پاشاش بەمە سەرسام بوو و بڕیاریدا بەدوای خاوەنی نەعلەکەدا بگەڕێن، کاتێک خاوەنەکەیان دۆزیەوە هێنایان بۆ (مەمفیس) و بوو بە ژنی پاشا (Strabo, 1967, 93-95). هەندێک پێیانوایە، ئەگەر چوار سەدە بگەڕێینەوە بۆ پێش (سترابۆ)، ئەوا یەکەم کەس کە باسی ئەم ئەفسانەیەی کردبێت (هیرۆدۆتس)ی مێژوونوسی یۆنانیە لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژوو — The Histories)دا، لەمبارەیەوە (هیرۆدۆتس) دەڵێت: ئەم پاشایەش هەرەمێکی بەجێهێشتووە، بەڵام زۆر بچووکترە لە هی باوکی، درێژی هەر لایەک لە لایەکانی هەرەمەکە نزیکەی بیست و سێ پێ دەبێت و لە بنکەکەیدا چوارگۆشەیە و تا نیوەی بەرزیەکەی لە بەردی ئەسیوپی دروستکراوە. هەندێک لە یۆنانیەکان دەڵێن کە لەلایەن (ڕۆدۆپیس)ەوە دروستکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵەن؛ من پێموایە کە ئەوان ئەمە دەڵێن بەبێ ئەوەی تەنانەت بزانن ڕۆدۆپیس کێیە؟ (ئەگەرنا، هەرگیز پێیان وانەدەبو کە دروستکردنی هەرەمێک بدەنە پاڵ ڕۆدۆپیس کە ڕەنگە بڕە پارەیەکی بێشوماری لەسەر خەرج کرابێت)، (ڕۆدۆپیس) لە سەردەمی (ئاماسیس)دا ژیاوە، نەک سەردەمی (میسێرینۆس)؛ لە ئەنجامدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ساڵانێکی زۆر دواتر لەم پاشایانەی کە ئەم هەرەمانەیان دروستکردووە ژیاوە، (ڕۆدۆپیس) لە (تراکیا) لە دایکبووە، و کۆیلەی (ئیادمۆن) کوڕی (هێفاستۆپۆلیس)ی سامی بووە، هەروەها (ئیسۆپ)ی چیرۆکنووسیش خاوەنەکەی (ئیادمۆن) بوو (Herodotus, 1920, 134-135).

دواتر، دوای هەریەکە لە (هیرۆدۆتس)و (سترابۆ)، (کلاودیوس ئەلینیوس) دێت و لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (مێژووی هەمەجۆر — Variuos Histories)دا ئاماژە بە هەمان ئەفسانە دەکات (Claudius, 1970, 33). زانای شوێنەوارناس (شستر بیتی) ساڵی (١٩٢٨) دەستنوسی ئەم ئەفسانەی لە شاری (لوکسۆر) دۆزیوەتەوە و پاشان کڕیویەتی و بە دیاری داویەتی بە مۆزەخانەی بەریتانیا. (شێرلی کلیمۆ) سەرلەنوێ لە شێوەی گێڕانەوەیەکی خەیاڵیدا دایڕشتۆتەوە (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٤). لەبارەی ئەم ئەفسانەیەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک پێیانوایە کە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) یۆنانیە و میسری نیە، بە بەڵگەی ئەوەی سەرچاوەکەی لای هەریەکە لە (هیرۆدۆتس) و (سترابۆ) و (ئەلینیوس)ی یۆنانییە، جا چ لەسەر ئاستی میللییەوە بێت یان لەسەر ئاستی مێژووییەوە بێت، لەبەرئەوەی پاڵەوانەکەی

(تراکی)یە و گێڕەرەوەکانیشی هەر یۆنانین. ئەوەی هەیە تەنیا ڕووداوەکانی دەگەڕێنرێتەوە بۆ میسری کۆن (الفیفي، ٢٠١٥، ٢١٩). لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، زۆرێک لە توێژەرە عەرەبەکان پێیانوایە ئەم ئەفسانەیە بۆ میسرییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ڕاستە (ڕۆدۆپیس) وەک پاڵەوانی ئەفسانەکە یۆنانی بووە، بەڵام سەرلەبەری ڕووداوەکانی ئەفسانەکە لە خاکی میسری کۆن ڕوویداوە و پێوەندی بە فیرعەون (ئەماسیسی دووەم)ەوە هەیە و لە ئەفسانەکەدا گوایە (ڕۆدۆپیس) دەبێتە ژنی ئەم فیرعەونە (ئەگەرچی هەندێک توێژەر بۆچوونیان وایە، لە واقیعدا (ڕۆدۆپیس) نەبووبێتە ژنی (ئەماسیس)). بۆیە عەرەبەکان دەڵێن ئەسڵ و بنچینەی ئەم ئەفسانە هی میسرییە کۆنەکانە.

دوای ئەوەی ئەوروپییەکان دەستنووسی ئەم ئەفسانەیان دۆزییەوە و لەگەڵ خۆیان بردیانەوە بۆ ئەوروپا و لەوێوە سەرلەنوێ بە شێوازێکی تر و لە گێڕانەوەیەکی خەیاڵئامێزدا لەژێر ڕۆشنایی ئەفسانە بنچینەییەکەدا دایانڕشتەوە، ئیدی لێرەوە کاریگەرییەکانی ئەم ئەفسانە بەسەر تەواوی ئەو ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکانەوە دەردەکەوێت کە بابەت و گێڕانەوەکەیان هەمان بابەت و گێڕانەوەی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ە، یان لێیەوە نزیکن. دیارترین نموونەش لەسەر کاریگەرییەکانی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) بە گێڕانەوە جیاوازەکانییەوە، بریتییە لە کاریگەرییەکەی بەسەر ئەفسانەی (سەندرێللا)وە لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژئاوادا، کە ئەم ئەفسانەش شێواز و گێڕانەوە و دارشتەیەکی جیهانی و جۆراوجۆری وەرگرتووە و بە چەندین زمانی جیهانی تۆمارکراوە، هەندێک وای بۆ دەچن کە نزیکەی (٣٥٠) دانە (بە شێوە و گێڕانەوەی جیاواز) لە ئەفسانەی (سەندرێللا) بە زمانە جیاوازەکانی جیهان هەیە. ڕەنگبێت بەناوبانگترینیان ئەو دەقە بێت کە (شارلز پراولت)ی فەرەنسی دایڕشتۆتەوە، کە دواتر لە ساڵی (١٩٥٠) فیلمێکی کارتۆنی بۆ منداڵان لەلایەن کۆمپانیای (واڵت دیزنی) لەسەر بەرهەمهێنرا (الفیفي، ٢٠١٥، ٧٣-٧٦). ئەوروپییەکان هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەفسانەی (سەندرێللا) لە بنچینەدا ئەوروپییە و زادەی خەیاڵ و بیری ئەوروپییەکانە، بەڵام توێژینەوەکانی بواری ئەفسانەناسی و ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی و ئەدەبی کۆنی نەتەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە بنچینە و ئەسڵی ئەم ئەفسانەیە بریتییە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسرییە کۆنەکان و ئەوروپییەکان دوای ئەوەی دەستنوسەکانی ئەم ئەفسانەیان دۆزییەوە و وەریانگێڕایە سەر زمانە ئەوروپییەکان، بەکاریگەری و لەسەر بنچینەی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) ئەفسانەی (سەندرێللا)یان داهێناوە. بۆیە لە بنچینەدا کەسێتی (سەندرێللا) هەمان کەسێتی (ڕۆدۆپیس)ە، بەڵام ناوەکەی گۆڕاوە و دەستکاری بەشێکی زۆری ڕووداو و بەسەرهات و کەسێتی و شوێن و دیمەنەکانی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) کراوە و ئەفسانە و حیکایەتی (سەندرێللا)ی لێ بەرهەمهێنراوە.

کاریگەرییەکانی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) لەسەر ئەدەبیاتی کۆن و ئەفسانە و حیکایەتی چەندین نەتەوەی جیاوازدا دەردەکەوێت، جا چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت، چ لە ڕێگەی ئەفسانەی (سەندرێلا)وە بێت، کە پەڕیوەتەوە نێو ئەفسانە و حیکایەتی نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەوانە دەکەین:

- ✓ نموونەی سینی کە بۆ نووسەرەکەی (دوان جینگشی- Duan Chengshi) بە ناوی (یی خیان – Ye Xian) دەگەڕێتەوە، کە لە دەوروبەری ساڵی (٨٥٠ ز) نوسراوەتەوە.
- ✓ نووسەری ئیتاڵی (جیامباتیستا باسیلی – Giambattista Basile) لە سەدەی حەڤدەهەم کۆمەڵێک ئەفسانەی کۆنی نووسیووە، بە ناوی ( ئەفسانەییێک لە ئەفسانەکان)، کە تێیدا یەکێک لە کۆنترین نموونەکانی (سەندرێلا)ی تێدایە بەناوی (سەندرێللای پشیلە).
- ✓ لە سەدەی هەژدەهەمدا، برایانی گریم (جاکۆب بریم و ڤیلهیلم گریم)، کۆمەڵێک ئەفسانە و حیکایەتییان لە کتێبێکدا بەناوی (منداڵان و چیرۆکەکانی ماڵەوەیان) کۆکردەوە، یەکێک لە ئەفسانەکان بریتی بوو لە ئەفسانەی (سەندرێلا)، وەک ئاماژەمان پێدا کە ئەم ئەفسانەش بە کاریگەری (ڕۆدۆپیس) سەریهەڵداوە.
- ✓ ئەفسانەی (مایا و مەجادە) لە ئەدەبی سعودیدا، کە لە چیای (فەیفا)ی باشوری سعودیا بڵاوە.
- ✓ نموونەی عێراقی بە ناوی (سەندەلی زێڕ: سەندرێللای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، کە (ڕیبیکا هیکۆکس) دایناوە و لە ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩٨) چاپکراوە.
- ✓ نموونەی ئەفغانی، کە (دوندێس ئالان) لە ساڵی (١٩٨٢)دا لە چوارچێوەی کتێبێکدا لەسەر (سەندرێلا) بڵاویکردۆتەوە (الفیفي، ٢٠١٥، ٧٣-١٦٦).
- ✓ ئەفسانەی (دادە ماسی) بە زاری لوڕی زمانی کوردی، کە (داریوش ڕەحمانیان) لە کتێبی (ئەفسانەی لوڕی (ئەفسانەی لوڕی و بەختیاری و شوشتەری))دا کۆیکردۆتەوە و (عەزیز گەردی) وەریگێڕاوەتە سەر زاری کرمانجی ناوەڕاست. ئەم ئەفسانەیە ئەگەرچی هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر نیە و ئەوەی ئێمە ئاگاداربین تا ئێستا توێژینەوەی لەسەر نەکراوە. ئەفسانەیەکی لوڕەکانی ناوچەی لوڕستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و بە یەکێک لەو ئەفسانانە دادەنرێت کە کاریگەری ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی بەسەرەوەیە و دەکرێت بە نموونەی کوردی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) هەژماربکرێت، کە لە پێشینانی لوڕەکانی ئەو ناوچانەوە بۆ نەوەکانیان گواستراوەتەوە و تۆمارکراوە.

### ١-٤: ئەفسانەی کوردی

توێژەرانی بواری ئەفسانە و ئەفسانەناسی بۆچوونیان وایە کە کوردیش وەک نەتەوەکانی تر، خاوەن ئەفسانە و دیدێکی ئەفسانەیی بووە، بۆیە لە مەسەلەی دروستبوونی ئەفسانەکان و ئەو دیدە ئەفسانەییەی هەموو نەتەوەیەک لە کۆندا هەیبووە، ئەوا ((هەر میللەتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی ئەم دیدە، ئەویش لە چۆنیەتی خوێندنەوەی سروشت و دەوروبەر و ڕووداوەکانی ژیان، لەوەشدا کورد بەپێی جۆری سروشتەکەی کە سروشتێکی ڕەنگا و ڕەنگ و شاخاوی و هەمەجۆرە، ئەمەش بووەتە هۆی دروست بوونی شوێن و دیاردەی لێکجیا و ڕووداوی سەیر و نەوازە، ئەمانەش هەمووی لە سەرەتاوە تا ئێستاش _دیدی ئەفسانەیی_ بە چاوی خۆی لێکی دەداتەوە و بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەفسانەیی خۆی شی دەکاتەوە)) (حەسەن، ٢٠٠٧، ٩-١٠). بۆیە ئەفسانەناسان پێیانوایە باب و باپیرە کۆنەکانی کورد لە دید و بنەمایەکی ئەفسانەییەوە لە دیاردە و ڕووداوە جیاوازەکانیان ڕوانیووە و هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکدانەوەیان بۆ کردووە، بۆیە ((ئەفسانەی کوردی وەک ئەفسانەی نەتەوەکانی تر دەربڕینی هەوڵی مرۆڤە سەبارەت بە ژیانی کۆمەلایەتی و ڕووداوە سروشتییەکان)) (موکری، ١٩٨٤، ٤٧). ئەفسانەی کوردی شتێکی تەواو جیاواز نییە لە ئەفسانەی جیهانی، چونکە ئەوەی تایبەتمەندی دەدات بە ئەفسانەی کوردی، ئەو دیدە ئەفسانەییەیە کە لای هەموو مرۆڤایەتی هەیە و هەر میللەتەش بە شێوەی خۆی و لە کۆی کولتوری خۆی بەکاریدەهێنێت. کوردیش بەم دید و بنەمایە (ئەفسانەییە) مێژوو و سروشت و دیاردە و زانست و خەون و خەیاڵی خۆی پێ دەخوێنێتەوە و ئەم دید و ئامرازەی بەکارهێناوە (حەسەن، ٢٠٠٧، ٢٤-٢٥). کەواتە ئەو چەمک و سروشت و ئەرکەی لە ڕوانگەیانەوە سەیری ئەفسانەی جیهانی دەکرێت، بە هەمان شێوە و لە هەمان چەمک و سروشت و ئەرکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەی کوردیشدا دەکرێت و لە ڕوانگەی زانستی ئەفسانەناسییەوە، گوایە ئەفسانەی کوردیش بۆ ئەوە داهێنراوە تاوەکو لێکدانەوە بۆ سروشت و ژیان و دیاردە و ڕووداوە جیاوازەکانی نێویان بکات و لە ژێر ڕۆشنایی خەیاڵەوە وێنایان بکات و لێیان تێبگات.

ئەوەی لەنێو ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکە کۆنەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا باوە ئەوەیە کە زۆرێک لە ئەفسانەکان کێشە و خەباتی خەڵک دەنوێنن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی مرۆڤ تووشی دەبن. هەروەها بەگژاچوونی چینایەتی و زۆرداریی چەوسێنەران و خەباتی چەوساوەکان بە ڕوونی دیارە (موکری، ١٩٨٤، ٤٧). جگە لەمەش ئەفسانەی کوردی وێنەی کێشە و ململانێی نێوان هێزی چاکە و خراپە دەکێشێت، کە هەر لە کۆنەوە بەرپا بووە و بەردەوامە (ڕەسول، ٢٠١٠، ١٩). کە زۆرجار لەو ئەفسانانەدا

هێزی چاکە لە مرۆڤی چاک و باشدا چڕدەکردێتەوە و هێزی خراپەش لە شەیتان و جنۆکە و دێو و درنج و مرۆڤی خراپدا وێنادەکرێت.

## ١-٥: پێوەندی نێوان ئەفسانەی نەتەوەکان و کاریگەرییەکانی نێوانیان و هۆیەکانی گواستنەوەی کاریگەرییەکان

مەسەلەی کاریگەری ئەدەبی و پێکاریگەربوون (کارتێکەر و کارتێکراو) بابەتێکن لە بەراوردی ئەدەبیدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە و بریتییە لە پێوەندی و کاریگەری نێوان ئەدەبەکان بە درێژایی مێژوو لە مەسەلەی بەخشین و لێوەرگرتن و سوودپێگەیاندن و سوودوەرگرتندا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەدەبێک چ لە کۆن و چ لە ئێستادا ناتوانێت لاتەریک بێت و هەوای ئەدەبەکانی تر هەڵنەمژێت و بەردەوام بێت، بۆیە ((ئاشکرایە هەموو نەتەوەکانی دونیا بەهۆی وەرگرتن و بەخشینەوە پەرە بە ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهانی دەدەن)) (گەردی، ١٩٨٧، ١٦). ئەمە لە بەراوردی ئەدەبیدا و لە قوتابخانەی فەرەنسی بەراوردی ئەدەبیدا یەکێکە لەو بابەتانەی زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە و بە بەردی بناغەی کاری بەراوردی ئەدەبی دادەنرێت، کە بریتییە لەوەی ئەدەبی نەتەوەیەک دەرگای بۆ ئەدەبی بێگانە کردبێتەوە و سوودی لێ وەرگرتبێت.

کارێکی ئاساییە ئەگەر کاریگەری لە ئەدەبی نەتەوەیەکەوە بۆ ئەدەبی نەتەوەکانی تر بپەڕێتەوە و ئەدەبی نەتەوایەتی سوود لە ئەدەبی نەتەوەی تر و ئەدەبیاتی جیهانی وەربگرێت. ئەمە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بە گشتی و ئەفسانە و حیکایەتە میللی و کۆنەکاندا بە روونی هەستی پێدەکرێت، بۆیە کاریگەری چەندین ئەفسانە و حیکایەتی ئەفسانەیی کۆن و دێرینی نەتەوە کۆنەکان و ئەو نەتەوانەی کە ئێستا نەماون و لەناوچوون بەسەر ئەفسانە و حیکایەت و داستان و چیرۆک و رۆمانی کۆن و ئێستای نەتەوەکانی ئێستا دەبینین و هەستیان پێدەکەین، کە زۆرجار ئەمە لە رەخنەی نوێ و هاوچەرخدا بە مەسەلەی (دەقئاوێزانی)یەوە پەیوەست دەکرێت. نموونەی لەم جۆرە زۆرن و دەشێ بۆ بەرچاورۆونی ئاماژە بە نموونەیەک بکەین، ئەگەر سەیری ئەفسانە و چیرۆکەکانی (کلیل و دمنە)ی (بەیدەبا)ی نووسەر و فەیلەسوفی هیندی و ئەفسانە و چیرۆکەکانی نێو کتێبی (هەزار و یەک شەوە)، یان ئەو چیرۆکانەی لەسەر زمانی گیانداران وتراون بکەین، ئەوا کاریگەرییەکانیان بەسەر ئەفسانە و ئەفسانە ئەفسانەییەکانی نەتەوەکانی ئەورووپادا بە ئاشکرا دیارە، بۆیە ((هەموو نەتەوەیەک لە رۆژگاری سەرەتاییدا ئەم چیرۆکانەیان گوێ لێبووە کە بە زمانی گیانداران دەوترێن، بەناوبانگترین نەتەوەش بۆ ئەم جۆرە چیرۆکانە نەتەوەکانی هیند و یۆنانییە کۆنەکانن. ئەفسانەی هیندی و یۆنانی بە دوو سەرچاوەی گرنگی ئەفسانەکانی (لافۆنتین) دادەنرێن)) (درویش، ١٩٧٣، ٨٧). ئەمەش ئەوە دەەیەنێت

کە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژئاوادا هەبووە، بە پێچەوانەشەوە هەمان کاریگەری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لەسەر ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات دەبینین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پێوەندی مێژوویی لەنێوان هەریەکە لەم ئەدەبانە بەهۆی هۆکار و ئامراز و کەناڵی جیاوازەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ✓ وەرگێران
- ✓ بازرگانی و هۆکاری ئابووری
- ✓ جەنگ و هۆکاری سیاسی و داگیرکاری
- ✓ کۆڕ و کۆمەڵ و یانەی ئەدەبی
- ✓ هۆکاری ئایینی و ... هتد.

ئەمانە دەبنە هۆی گواستنەوەی کاریگەرییەکە لە نێوان ئەدەبە جیاوازەکان و دروستکردنی پێوەندیی مێژوویی لە نێوان ئەدەبی کارتێکەر و ئەدەبی کارتێکراودا. ئەدەبی فۆلکلۆر و کۆن و ئەدەبی ئەفسانەیی کوردیش لەم جۆرە کاریگەرییانە بێبەری نیە و دەشێ کاریگەری و پێوەندی مێژوویی لەم جۆرە لە زۆر جۆر ژانری ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بدۆزینەوە، بەتایبەتیش لە ئەفسانە و ئەفسانە و داستانە کوردییەکان کە مێژوویێکی زۆر کۆنیان هەیە و هەندێکیان بە کاریگەری ئەفسانە و ئەفسانەی کۆنی نەتەوەکانی دراوسێ و نەتەوە کۆنەکانی پێشووتر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (بەتایبەت ئەوانەی بە نەتەوەی مردوو و لەناوچوو هەژمار دەکرێن) چەکەرەیان کردووە و لە دیدێکی ئەفسانەیی خەیاڵی کوردەوارییەوە بونیاد نراون، بۆیە بەشێک لەو ئەفسانە و ئەفسانە کۆنانە ((گەیشتونەتە ناو ئەدەبی کوردیش، گەلێ لەم چیرۆکانەی لاڤۆنتێن کە بە کۆمەڵێک بەرگ بڵاوی کردونەتەوە، چ بە دەقەکەی خۆیان بێ، چ بە دەستکارییەوە. چ ڕاستەوخۆ بێ و چ بەناو ئەدەبی تورکی و عارەبی و فارسیدا بێ گەیشتونەتە ناو ئەدەبی کوردی)) (گەردی، ١٩٨٧، ٩٦). بۆیە دەبینین، ئەدەبی کۆنی کوردی لە جۆری ئەفسانە و ئەفسانە و سەرگوزەشتە چەندین نموونەی ئەفسانە و ئەفسانەی ئەفسانەیی و ئەفسانەی بەرئاگردان و سەرگوزەشتەی تێدایە، کە لای نەتەوەی تریش بەدیدەکرێن. ئەفسانەی (دادە ماسی)یش یەکێکە لەو نموونە زەقانەی لای چەندین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا بە ناو و شێوەی جیاوازەوە دووبارە بۆتەوە.

## ١-٦: پێوەندی مێژوویی و هۆکاری گواستنەوەی کاریگەرییەکانی نێوان ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادە ماسی)

یەکێک لە هۆیەکانی پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی و دروستکردنی پێوەندی مێژوویی نێوان ئەدەبی دوو نەتەوەی بە زمان جیاواز بریتییە لە (جەنگ) ((بۆیە هەیە شەڕی گران و شوم و ڕوخێنەر و کاولکار و دوور و درێژ و فراوان دەورێکی زۆری ببێ لە گواستنەوەی کارتێکردنی ئەدەبی لەنێو ئەدەبی ئەم نەتەوانەی بەشداری شەڕکە دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر شەڕەکە و ماکی شەڕەکە پشوو درێژی تێدا بنوێنرێت و ماوەیەکی دوور و درێژ بخایەنێت، چونکە شەڕ دەبیتە هۆی لێک نزیک بونەوە و ئالوگۆڕیەکی تایبەتی و سەیر لەناو هەردو بەرەی شەڕەکەوە. وا دەبێ نوسەران لەم شەڕەدا بەشداری ڕاستی بکەن و بەمەوەش زیاتر دەچنە ناخی ئازارەکە و باشتریش دەستیان بە بەرهەمی بیر و زادەی مێشکی بەرەکەی تر دەگا)) (گەردی، ١٩٧٨، ٦٧-٦٨). لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێوەندی مێژوویی نێوان دەقی ئەفسانەیی (ڕۆدۆپیس) و دەقی ئەفسانەیی (دادە ماسی) لەسەر بنەمای جەنگی درێژخایەنی نێوان فارسەکان و میسرییە کۆنەکانەوە درووستبووە، واتە ئەم جەنگە درێژخایەنە بۆتە هۆی گواستنەوەی کاریگەرییەکان لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ەوە بۆ نێو ئەفسانە و حیکایەتەکانی میللەتانی تری ڕۆژهەڵات و لە نێویشیاندا ئەفسانەی (دادە ماسی)ی (زاری لوڕی)ی زمانی کوردی.

### جەنگی نێوان فارسە ئەخمینییەکان و میسرییە کۆنەکان

یەکێک لە ئەگەرەکانی گواستنەوەی کاریگەرییەکان لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسری کۆن بۆ سەر ئەفسانەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (بە گشتی) و ئەفسانەی کوردی (بە تایبەتی) و بە دیاریکراویش ئەفسانەی (دادە ماسی)ی زاری لوڕی زمانی کوردی، بریتییە لەو پێوەندییەی کە لە ئەنجامی جەنگی نێوان هەردوو نەتەوەکانی میسری کۆن و فارسەکاندا ڕوویداوە، ئەو جەنگەی نێوانیان بە سێ قۆناغدا ڕەتبووە، لە قۆناغی یەکەمدا میسری کۆن پارچەیەک بووە دەوڵەتی فارسەکان، پاشان میسرییەکان سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرنەوە و لە فارسەکان ڕزگاریان دەبێت، دوای ئەوە قۆناغی داگیرکاری دووەم لە سەردەمی ئەخمینییەکان دەستپێدەکات. قۆناغی سێیەمی داگیرکاری لە سەردەمی ساسانییەکان دەستپێدەکات و ئەوەندە ناخایەنێت ئیدی میسر دەکەوێتە دەستی ڕۆمە بێزەنتییەکانەوە. لە قۆناغی دووەمی داگیرکاری میسر لەلایەن ئەخمینییەکانەوە بە سەرکردایەتی (قەمبیزی کوڕی کساندنی ئەخمینی)، فارسە ئەخمینیەکان هێرشیان کردە سەر وڵاتی میسری کۆن و هەوڵی داگیرکردنیان دا، ئەمەش لە سەردەمی (ئەماسیس)ی فیرعەون ڕوویدا، بەڵام پێش ئەوەی (قەمبیز) هێرش بکاتە سەر میسر، (ئەماسیس) کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی بەناوی (بسمیتاک) هاتە شوێنی و هەوڵی ڕێگریکردنی سوپای

فارســـەکانی دەدا، بەڵام میســـڕییەکان لە جەنگەکەیـــان تێکشـــکان و لە ئەنجامـــدا (مەمفیس)ی پایتەختی میسڕ کەوتە دەست فارسە ئەخمینییەکان (هیرودوت، ٢٠٠١، ٢١٧-٢٩٢ _ إیفـــانز، ٢٠٢٣، ١١٥-١٢٠). ئەم جەنـــگە فـــراوان و دوور و درێـــژەی نێـــوان فارســـەکان و میســـڕییەکان، زۆرجـــار وای لە میســـڕ کـــردووە پەنـــا بـــۆ داواکردنـــی هاوکـــاری لە یۆنـــانیە کۆنەکـــان ببـــات و داوای بەهانـــاوەچوون و یـــارمەتی و پاراســـتنیان لـــێ بکـــات، بـــۆئەوەی لە هێرشـــەکانی فارســـەکان بیانپـــارێزن. بـــۆ نمـــوونە، میســـڕییەکان بە ســـەرکردایەتی (ئینـــارۆس کوڕی ئیبسماتیک) هەوڵیاندا شۆڕش لە دژی فارسەکان بکەن، بۆ ئەمەش (ئینـاروس) داوای یارمەتی لە یۆنانییەکان کرد، بۆئەوەی یارمەتی بدەن و فارسەکان لە میسڕ وەدەر بنێن. بۆیە ئەســـینییەکان (یۆنانییەکـــان) بە پیـــر بـــانگەوازەکەیەوە هـــاتن و یـــارمەتی (ئینـــاروس) و ســـوپاکەیان دا (هیکـــل، ٢٠٢١، ٥٣-٥٧). ئەم جەنـــگ و داگیرکارییـــانە زۆربەی لە ســـەردەمی (ئەماسیســی دووەم) ڕوویانـــداوە، ئەو (ئەماســـیس)ە هەمـــان ئەو فیـــرعەونەیە کە گوایە بە پێـــی ئەفســـانە و ئەفســـانەی (ڕۆدۆپـــیس)، (ڕۆدۆپـــیس)ی کـــردووە بە هـــاوژینی خـــۆی، وەک ئەوەی بەشـــێک لە زانایـــانی بـــواری شوێنەوارناســـی و مێـــژووی کـــۆنی میســـڕی و یۆنـــانی پێیـــانوایە کە (ئەماســـیس)ی فیرعەونـــی میســـڕی هاوســـەرگیری لەگەڵ (ڕۆدۆپـــیس)ی یۆنـــانی کـــردووە و ئەم هاوســـەرگیرییە ڕاســـتییە و ڕوویـــداوە. کەچـــی بەشـــێک لە مێژوونـــووس و تـــوێژەران ئەمە ڕەتـــدەکەنەوە و پێیـــانوایە، کە (ڕۆدۆپـــیس) هاوســـەری (ئەماســـیس) نەبـــووە و ئەم فیـــرعەونە هەرگیـــز (ڕۆدۆپـــیس)ی نەکـــردووە بە هاوســـەری خـــۆی، بەڵـــکو ئەمە تەنیـــا بانگەشـــەیەکە لە ئەفسانە و ئەفسانە کۆنەکانی میسڕییەکاندا لەسەر زاری خەڵکی گێڕدراوەتەوە.

لێـــرەوە دەبینـــین فارســـەکان لە ڕێـــگەی ئەم جەنـــگەوە پێوەنـــدییان بە دوو نەتەوەی زمـــان و کولتـــور جیـــاوازەوە هەبـــووە، کە هەردوو نەتەوەکەش دژی فارســـەکان بـــوون، ئەوانـــیش (یۆنانییەکـــان و میســـڕییە کۆنەکـــان)ن، هەڵـــبەت پێوەنـــدی نێوانیـــان نەرێنـــی بـــووە و لەســـەر حیسابی جەنگ و داگیرکاری بووە.

ئەفسانە و سەرگوزەشتەی (ڕۆدۆپیس)یش لای هەردوو نەتەوە بەناوبانگ و بڵاو بووە، چونکە (ڕۆدۆپیس) خـۆی یۆنـانی بـووە و لە (تراکیـا) لەدایکبـووە و مـاوەیەک لەوێ ژیـاوە و گوایە کچێکی جوان بووە بەمەش ناوبـانگی هەبـووە، پاشـان هەمـوو ژیـانی لە وڵاتی میسـڕ بەسەردەبات و بە پێی ئەفسانە و ئەفسانە (ڕۆدۆپیس) دەبێتە ژنـی یەکێک لە فیرعەونەکانی میسڕ کە (ئەماسیسی دووەم) بووە و ئەم فیرعەونەش یەکێک بووە لەو پاشایانەی میسڕ کە ڕووبەڕووی (کـۆڕوش) و (قەمبیـز)ی کـوڕی بـۆتەوە. هەڵـبەت ئەمەش وادەکـات ناوبـانگی (ئەماســـیس) و (ڕۆدۆپـــیس) بە هەردوو نەتەوەدا بڵاوببێـــتەوە. بـــۆیە کـــاتێکیش فارســـەکان پەلامـاری میسـڕییان داوە و هەوڵیانـداوە داگیـری بـکەن، دەبێت ئەو ناوبانگەیـان بیسـتبێت و

چیـرۆک و بەسـەرهاتی پشـتی ئەم شـاژنە میسـرییە بە ڕەچەڵەک یۆنانییەیـان بەر گـوێ کەوتبێت و زانیبێتیان، کە ئەمەش لە ڕێگەی جەنگەوە بووە. ئەمەش لەبەرئەوەی جەنگی فارسـەکان ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ هەریەکە لە (ئەماسـیس) و (بسـمیتاکی کـوڕی ئەماسـیس) بووە و شارەزای ژیان و سروشت و کەسێتی ئەم دوو فیرعەونەی میسر بوونە. بۆیە ئەم جەنگە دوور و درێژەی لە نێوان فارسە ئەخمینییەکان و میسرییە کۆنەکاندا بەرپابووە، هۆکارێکی سـەرەکی بـووە لە گواسـتنەوەی ئەفسـانەی (ڕۆدۆپـیس) و ئەو بەسـەرهات و ڕووداو و سەرگوزەشـتانەی لەبـارەی ئەم کـچە یۆنـانییە و ژیـان و بـارودۆخی لە وڵاتـی میسـری کۆنـدا لەنێو خەڵکیدا باوبوون، بۆ نێو سوپای فارسـەکان و لەوانیشـەوە بۆ نێو خەڵکی هەرێم و دەڤەرەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسی و دواتریش بۆ نێو ئەدەبیاتی فارسی کۆن و لەوانیشەوە بۆ نێو ئەدەبیاتی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران، بەتاییەتیش (لوڕەکان) کە بە زاری لوڕی سەر بە زمانی کوردی دەدوێن و لە دێرزەمانەوە خاک و وڵاتیان کە بە لوڕستان ناسراوە کەوتۆتە دەست فارسەکانەوە و لە ڕووی زمان و ئەدەب و کولتورەوە زۆر لەمێژە کاریگەری زمان و ئەدەب و کولتوری فارسەکانیان بەسەرەوەیە.

## ٢: کاریگەری ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسریی کۆن لەسەر ئەفسانەی (دادە ماسی)ی کوردیدا

لە بـواری زانسـتی بەراوردی ئەدەبیـدا، ئەو ئەفسـانەیەی کە کـورد، واتە خەڵکـی کوردن بە زمانی کوردی و شێوەیەک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەیگێڕێتەوە، ئەو ئەفسانەیە ئەفسانەیەکی کوردییە، ئەگەرچی هەمان ئەفسانە لەنێو نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەی تردا بە زمانی خۆیان لەنێو خۆیاندا بیگێڕنەوە، ئەم وێکچوونە دەچێتە خانەی بەراوردەوە (حەسەن، ٢٠٢٠، ٤٦).

### ٢-١: کاریگەری نێوان ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادە ماسی)دا:

ئەگەر هەردوو دەقەکە بخـوێنینەوە، ئەوەمـان بـۆ دەردەکەویـت کە لە بنچیـنەدا هەردوو دەقەکە لەیەکەوە نـزیکن و یەکێک لە دەقەکان بنچینەیە و ئەوەی تریان لەسەر بنەمای یەکەمیان داهێنراوە. ئەگەر سەیری مێژووی ئاماژەدان بە هەردوو دەقەکە بکەین، ئەوا زانیاری تەواو لەسەر دەقی (ڕۆدۆپیس) هەیە و لە ئەدەبیاتی ئەوروپا و ئەدەبیاتی عەرەبیدا تا ڕادەیەک توێژینەوەی لەسەر کراوە، کەچی ئەفسانەی (دادە ماسی) هیچ زانیارییەکی لەسەر تۆمارنەکراوە و توێژینەوەشی لەسەر نەکراوە، بۆیە بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی (ڕۆدۆپیس)ەوە کراون کە بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پێش زایین و سەردەمی (هیرۆدۆتس) و (سترابۆ)، دەقەکە کۆنترە و بە بنچینە دادەنرێت چ بۆ ئەفسانەی (دادە ماسی) زاری لوڕی

زمـانی کــوردی، چ بــۆ ئەو ئەفســانە و ئەفســانانەی کە لەســەر بنچیــنەی (ڕۆدۆپــیس)ەوە داڕێژراونەتەوە.

ئەگەر لە هەردوو دەقەکە وردبینەوە دەبینین لە هەندێک لایەن و وردەکاری تایبەت بە (کـورتی و درێـژی ئەفسـانەکە و کـات و شـوێن و ڕووداو و کەسـێتییەکان و ئەو دیـد و بیروبــاوەڕەی هەر یەکە لە میســرپیە کۆنەکــان و کــورد بەهۆیــانەوە لە ژیــان و قەدەری مرۆڤەکانیان ڕوانیووە و ئەم ئەفسانەیان داڕشتووە) جیاوازیان لە نێواندا هەیە. هەردوو دەقەکە باس لە کچێک دەکەن کە قەدەر و چارەنووسی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەگۆڕێت، ئەمە ئەو بــنەڕەت (بــابەت)ەیە، کە هەردوو دەقەکەی لەســـەر دامەزراوە و هەمـــوو ڕووداو و کەسێتییەکانی نێویشیان بەدەوری ئەم بابەتەدا دەخولێنەوە.

**٢-٢: لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەسەر ئاستی ڕووداوەکان**

ڕووداو یەکـیکە لە ڕگەزە سـەرەکییەکانی بونیـادی دەقە گێڕانەوەبەنـدییەکان، چونکە ئەم دەقانە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی ڕووداوەکان بونیاد دەنرێن.

ئەگەر لەســـەر ئاســـتی ڕووداوەکـــانی نێـــو هەردوو ئەفســـانەکەوە باســـی کاریگەرییەکــان و لایەنەکــانی لێکچــوون و جیاوازییەکــانی نێــوان ئەفســانەکانی (ڕۆدۆپیس)ی میسرِی کۆن و (دادە ماسی)ی کوردی بکەیـن، دەبینـین لەسـەر ئاسـتی ڕووداوە سـەرەکییەکەدا هەردوو ئەفسـانەکە لە گەوهەری ڕووداوەکەدا لەیەک دەچــن و بەدەوری شــوکردنی کچێــک بە پاشــادا دەخــولێنەوە. بەڵام لە وردەکــاری ڕووداوە لاوەکییەکانــدا جیاوازییــان هەیە. بــۆیە ئــێمە هەوڵ دەدەیــن لایەنــی لێکچــوون و جیــاوازی لە ئاســتی ڕووداوەکاندا لە هەردوو ئەفسانەکەدا بخەینە ڕوو

**٢-٢-١: لێکچوونەکان لەسەر ئاستی ڕووداوەکاندا**

لەســەر ئاســتی ڕووداوەکانــدا هەنــدێک لێکچــوون لە نێــوان هەردوو ئەفســانەی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادەماسی)دا بەدی دەکرێن، کە ڕادەی پێکاریگەربوونەکە پیشان دەدەن، کە لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو

١. لە هەردوو ئەفســانەکەدا ڕووداوەکــان بە دەوری (کچێــک)دا دەخــولێنەوە، کە قەدەری کچەکە وادەبێت بەهۆی ڕووداوی ونبوونی پێڵاو (یان نەعل)ێکەوە بواری شوکردنی بۆ دەڕەخسێت و شوو بە پاشا دەکات. ڕووداوە سەرەکییەکە لە ونبوونی (پێڵاو) یان (نەعلە زێـڕ)ەکەوە دەسـت پێـدەکات. بـۆ نمـوونە لە ئەفسـانەی (ڕۆدۆپـیس)دا دەڵێـت: ((کاتێـک سەیری سەرەوەی کرد، بازێکی بینـی بەرەو زەوی شۆڕدەبێتەوە، تاکە نەعلێکی فڕاند، و دوور ڕۆیشــت)) (الفیفـي، ٢٠١٥، ١٤٧). لە ئەفسـانەی (دادە ماسـی)دا دەڵێـت: ((بە کـورتی،

ماوەیەک تێپەڕی، ڕۆژێ کچەکە چووبووە سەر ئاو ماسییەکان پاک بکاتەوە، پێی زەلی و پێڵاوی بە ئاوداچوو)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨).

٢. لە هەردوو ئەفسانەکەدا، کچەکە شوو بە پاشا دەکات، ئەگەرچی ئەوەی کچەکە شووی پێدەکات، لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا پاشا (فیرعەون)ە، وەک لە ئەفسانەکەدا هاتووە (فیرعەون) دەڵێت: ((ئەم کچە دەبێتە شاژنی ئەو)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٩). لە ئەفسانەی (دادە ماسی)شدا (کوڕی پاشا)یە. وەک ئەوەی لە ئەفسانەکەدا هاتووە کە نۆکەرانی کوڕی پاشا هاتن و ((کچەکەیان برد و لە کوڕی پاشایان مارەکرد)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ١٠٠). ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە هەردوو لایان بنەماڵەی پاشان و کچەکە لە هەردوو ئەفسانەکەدا سەرەتا لە چینێکی نزمی کۆمەڵایەتین و دواتر دەبنە ئەندامێکی بنەماڵەی پاشا (واتە دەبنە شاژن).

٣. لە هەردوو ئەفسانەکەدا، چ فیرعەونی میسڕ لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، چ کوڕی پاشا لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا (نەعل) یان (پێڵاو)ەکە دەدۆزنەوە و فەرمان دەکەن بە دۆزینەوەی ئەو کچەی خاوەنی پێڵاوەکەیە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا دەڵێت: ((لەناکاو بازێک هاتە خوارەوە و نەعلێکی زێڕی گوڵ ڕەنگی خستە باوەشیەوە)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٧). واتە نەعلەکەی خستە کۆشی (فیرعەون)ەوە، بۆیە بڕیاریدا لە شارەکانی میسڕ بگەڕێن و خاوەنی نەعلە زێڕەکە بدۆزنەوە، بۆ ئەمەش ((دەبێت هەموو کچێک لە میسڕدا ئەم نەعلە تاقیبکەنەوە و لەپێی بکەن و خاوەنی نەعلەکە دەبێتە شاژنی میسڕ)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٧-١٤٨). لە ئەفسانەی (دادە ماسی)شدا کاتێک کوڕی پاشا بەخۆی و نۆکەر و دەستە و دایەرەکەی دێنە ڕاو، کوڕی پاشا کە خەریکی ڕاو بوو لە قەراخ ڕووبارەکەوە ((لنگە پێلاوەکەی لە ئاو گرتەوە)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨-٩٩). بۆیە هەر زوو ((فەرمانی بە نۆکەرەکانی دا بچن خاوەنی پێڵاوەکە بدۆزنەوە بیهێنن، نۆکەرەکان چوون و خەبەرەکە بە ئاواییدا بڵاوبووەوە)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٩). واتە لە هەردوو ئەفسانەکەدا (فیرعەون) یان (کوڕی پاشا) ڕاستەوخۆ نەعل یان پێڵەوەکە دەدۆزنەوە و پاشان پرۆسەی گەڕان بە دوای خاوەنی (نەعل یان پێڵاو)ەکە دەست پێدەکات و بۆ دۆزینەوەی خاوەنەکەش دەبێت کچانی شانشینەکان نەعل یان پێڵاوەکە تاقی بکەنەوە.

٤. لە هەردوو ئەفسانەکەدا، چ (ڕۆدۆپیس) و چ (کچ)ەکە، ڕۆژانە دەچنە قەراخ ڕووبار و لەوێ کارەکانیان دەکەن. بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا هەموو ڕۆژێک ئەو خزمەتکارانەی لەگەڵ ئەو کاریان دەکرد، زۆربەی کارەکان بە (ڕۆدۆپیس) دەکەن و پێیدەڵێن: ((برۆ ڕووبارەکە، جلەکان بشۆ، مراوییەکان لە باخچەکە دەرکە، نان

بـكە)) (الفيفـي، ٢٠١٥، ١٤٥). ئەمەش لەبەرئەوەی خزمەتكارەكـانی تـری نێـو مـاڵەكە خەوتنـی بەردەوامـی خـاوەن مـاڵەكە دەقـۆزنەوە و (ڕۆدۆپـیس) بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەكـاردێنن و كـاری خۆشـیان بە ئەو دەكەن. لە ئەفسـانەی (دادە ماسی)شـدا، هەمـوو ڕۆژێـك كـچەكە ماسـیەكانی بـاوكی دەبـردنە سـەر ڕووبـار و ((دەیشووشـتن و پـاكی دەكردنەوە)) (ڕەحمانیان، ٢٠١٥، ٩٨) ئەمەش لەبەرئەوەی زڕدایكـی كـچەكە كارەكـانی نێو ماڵ و دەرەوەی ماڵەكە بە كچەكە دەكات.

٥. لە هەردوو ئەفسـانەكەدا، هەردوو كـچەكە، گیانەوەرێـك یـان زیـاتر دەبـنە هەوڕێیـان، ئەمەش لەبەر ئەوەی كەسانی دەوروبەریان ستەمیان لێدەكەن و كـاری زۆریـان پێدەكەن، بـۆیە هەردوو كـچەكەی نێـو ئەفسـانەكان لەجیـاتی مـرۆڤ، ئـاژەڵ دەكەن بە هـاوڕێی خۆیان. بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا دەڵێت: ((ڕۆدۆپیس جگە لە ئاژەڵەكان هیچ هاوڕێیەكی نەبوو)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٥)، بۆیە (باڵندە و مەیمون و ئەسپی دەریا) هـاوڕێی (ڕۆدۆپیس) بوون و كاتێك دەچووە سەر ڕووباری (نیل) ئەم ئـاژەڵانە لێـی كۆدەبوونەوە و ئەویش گـۆرانی بـۆ دەوتـن و سـەمای بـۆ دەكـردن، بەمەش ئەم ئـاژەڵ و باڵـندانە هـۆگری (ڕۆدۆپیس) بووبوون. لە ئەفسانەی (دادە ماسی)شدا كچەكەی نێو ئەفسانەكە كاتێـك ماسیەكە ڕزگار دەكات و دەیخاتەوە نێو ئاوەكەوە، ئی تر بۆ لەمەودوا ماسیەكە دەبێتە هاوڕێی كچەكە داوای لێدەكات هەرچییەكی ویست ئـاگاداری بكـاتەوە و كـچەكەش دەردە دڵ و كێشـەكانی خـۆی بـۆ ماسـیەكە دەگێـڕایەوە (ڕەحمانیـان، ٢٠٠٤، ٩٨-٩٩)، بەمەش ئەم ماسـیە دەبێـتە هـاوڕێیەكی نزیكـی كـچەكە و لەو كێشـانەی كـچەكە ڕووبەڕووی دەبـووەوە، یـارمەتی دەدا و ڕێگـای چارەسـەری پێـدەوت و هەر كـار و حەز و ئارەزوێكـی كـچەكە هەبوایە بۆی جێبەجێ دەكرد.

### ٢-٢-٢: جیاوازییەكان لەسەر ئاستی ڕووداوەكان

ئەگەرچـی هەردوو ئەفسـانەكە كـاریگەرییەكی زۆریـان لەنێوانـدا هەیە و مەسـەلەی پێكـایگەربوونەكە لە زۆر ئاست و ڕەگەز و توخم و تەكنیكدا دەردەكەوێت، كەچی خاڵی جیـاوازیش لە نێوانیانـدا زۆرە و دەشـێ ئەو جیاوازییـانە بگەڕێنیـنەوە بـۆ جـۆری بیركـردنەوە و تێڕامانی ئەو نەتەوانە بۆ ڕاستییەكانی ژیان و دیاردە سروشـتی و ژیارییەكـان و جیاوازییەكـان لە لایەنەكـانی كولـتور و ئـایین و كۆمەڵایەتی و دەروونـی و ژیـاری و مێژوویـی و بیروبـاوەڕی نەتەوەكــانەوە. هەر لەبەر ئەمەشــە دەبینــین جیاوازییەكــان لە نێــوان هەردوو ئەفســانەكەدا زۆرترن، بۆیە لە خوارەوە ئاماژە بە جیاوازییەكانی نێوانیان دەكەین لەسەر ئاستی ڕووداوەكان

١. لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، ئەوە دەردەكەوێت كە (ڕۆدۆپیس) بەهـرەی لە سـەما و گـۆرانی وتندا هەبووە، بۆیە هەر كاتێك چۆتە سەر ڕووباری (نیل) بۆ جل شۆردن و كـاركردن، هەر

کاتێـک دەرفەتـی هەبووبێـت ئەوا سـەمای کـردووە و گـۆرانی وتـووە، بەتـایبەت بـۆ ئەو گیانەوەرانەی هاورێ و هاودەمی ئەو بوون و گوێیان لە گۆرانییەکانی گرتووە، هەر ئەم سەما و گۆرانی گوتنەی (ڕۆدۆپیس) بووە هۆی ئەوەی خاوەنەکەی لە شەودا کاتێک لە خەو هەسـتاوە و بنیـوویەتی (ڕۆدۆپـیس) سـەما دەکـات و پێـی سەرسـامبووە و بڕیـاری داوە جووتێک نەعلی زێڕی بە دیاری پێشکەش بکات و لە ئەنجامیشدا تاکێک لەم نەعلە زێڕەی بـووە هۆکـاری نزیکبـوونەوەی لە ئەفسـانەی (ڕۆدۆپـیس)دا، سـەرەتای ڕووداوەکـان بە ڕفانـدنی (ڕۆدۆپـیس) لە یۆنـان لەلایەن چەتەکـانەوە و بردنـی بـۆ میسـڕ و فرۆشـتنی بە پیرە پیـاوێکی میسـڕی دەسـت پێـدەکات (الفیفـي، ٢٠١٥، ١٤٤). کەچـی لە ئەفسـانەی (دادە ماسی)دا، ڕووداوەکان ئاسایین و هەر لە ماڵی باوکی کچەکە خۆیەوە دەست پێدەکەن، کە ڕۆژانە بە کـاری مـاڵەوە و یارمەتیـدانی بـاوکییەوە خەریـک بـوو، کە بـاوکی ماسـی دەگـرت، کچەکەشـی ((دەیشووشـتن و پـاکی دەکـردنەوە، ئەوسـا بـاوکی دەیبـردنە بـازاڕ و دەیفرۆشتن)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨). سەرەتا ژیانی (ڕۆدۆپیس) وەکو کچەکەی ئەفسانەی (دادە ماسـی) لە مـاڵی بـاوکییەوە دەسـت پێـدەکات، بەڵام جیـاوازییەکە لەوە دایە کە (ڕۆدۆپیس) لە یۆنانەوە دەهێنرێتە میسڕ، بۆیە زۆربەی ڕووداوەکانی ئەفسانەکەی لە میسڕ ڕوودەدەن، دوور لە وڵات و ماڵی یەکەمی خۆی.

٢. لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، فیرعەونی میسڕ ئاهەنگێک لە (مەمفیس)ی پایتەختی میسڕ ساز دەکات و ((هەموو خەڵکی شانشینەکە بانگهێشت دەکات)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٦). کە (ڕۆدۆپـیس)یش حەزدەکـات بەشـداری ئـاهەنگەکە بکـات، کەچـی دواتـر ناتوانێـت بەشـداری بکـات. هەر لەو ئـاهەنگەیە کە فیـرعەونی میسـڕ نەعلە زێڕەکەی (ڕۆدۆپـیس)ی دەست دەکەوێت. بۆیە دەبینین لەوێوە پەرەسەندن و ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان و هەڵکشانیان بەرەو لوتکە (دروستبوونی گرێ) دەست پێدەکات. کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، هیچ ئاهەنگێک بوونی نیە، کە تێیدا کوڕی پاشا و خەڵکەکەی کۆبکاتەوە، بەڵکو بەڕێکەوت کوڕی پاشا بەخۆ و بە نۆکەر و دەستەودایەرەکەی بۆ ڕاو لەسەر ڕووبارەکە لە نزیـک کـچەکە دەبـن و پێڵاوێکـی کـچەکە لە ئـاوەکەدا دەدۆزنەوە (ڕەحمانیـان، ٢٠٠٤، ٩٨-٩٩).

٣. لە ئەفسـانەی (ڕۆدۆپیس)دا، خزمەتکارەکـان لەگەڵی خراپن و ئیرەیی پێدەبەن و ئەوانـن نایەڵن (ڕۆدۆپـیس) بـڕواتە ئـاهەنگەکە، بۆیە کـاتێـک (ڕۆدۆپـیس) دەیەوێت بچێت بۆ ئەو ئــاهەنگەی فیــرعەون ڕێکیخســتووە، کـچەکــان دەبــنە ڕێگــر لەبەردەمــی، بــۆیە ((لە کاتێکــدا کــچە خزمەتکارەکــان خۆیــان ئامــادە دەکــرد بــۆ ئەوەی بە باشــترین جلوبەرگەکانیــانەوە بــۆ ئــاهەنگەکە بــڕۆن، ڕوویــان لە ڕۆدۆپــیس کــرد و فەرمانیــان

ئاراستەی ڕۆدۆپیس کرد کە پێش گەڕانەوەیان ئەرکی زیاتر بە ئەنجام بگەیەنێت. پاڵیاننا بەو بەلەمەی کە تایبەت بوو بەوان و کچەکەیان بە دڵتەنگییەوە لە کەناری ڕووبارەکەدا بەجێهێشت)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٦-١٤٧). ئەمەش بۆ ئەوەی (ڕۆدۆپیس) بەشداری ئاهەنگەکەی فیرعەونی میسر نەکات، لەبەرئەوەی خزمەتکارەکان ڕقیان لە (ڕۆدۆپیس) دەبووەوە و ئیرەییان پێ دەبرد، ئەمەش لەبەرئەوەی گوایە لەوان جوانتر بووە، چونکە یۆنان بووە. کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، زڕدایکی کچەکە کارەکتەرێکی خراپە و ئەوە کە نایەڵێت نۆکەرانی کوڕی پاشا بگەنە کچەکە، بۆیە زڕدایکی ((لە حەسوودییان هەستا چەند جۆرە داوودەرمانێکی دروست کرد و دەرخواردی کچەکەی دا، کە کچەکە داوودەرمانەکانی خوارد، ورگی بای کرد و هەڵستا. زڕدایکیشی تێی بەربوو بە تانە و تەشەر و گوتی: ڕاست بڵێ سکت لە چ کەسێ بووە؟ ئەوەندە کچەکە پاڕایەوە و نوزایەوە و گریا، زڕدایکی سەری لەسەر هەڵنەگرت و گوتی: دەبێ لێرە بڕۆی. کچەکە دیتی خەریکە ئابڕویی دەچێ. ئیدی بۆی دەرچوو)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٩). ئەمەش بۆ ئەوەی پیاوان و نۆکەرانی کوڕی پاشا کچەکە نەدۆزنەوە و پێڵاوەکەی پێ تاقی نەکەنەوە.

٤. لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، نەعلە زێڕەکانی کچەکە بەهۆی بازێکەوە دەگاتە دەستی فیرعەون (ئەماسیس)، واتە بازێک هۆکارە بۆ دەستکەوتنی نەعلی (ڕۆدۆپیس)، کە لە ئەفسانە میسرییە کۆنەکاندا بە (حۆرس) ناسراوە. کاتێک (ڕۆدۆپیس) لە دەم ڕووبارەکەدا خەریکی جل شۆردن و گۆرانی گوتن و سەما کردن دەبێت ((ئەسپی دەریاکە، کە حەزی بەم گۆرانیە کورتە نابێت، خۆی فڕێ دایە نێو ڕووبارەکە، پریشکەکانی ئاوەکە نەعلەکانی تەڕ کرد، بۆیە خێرا دەریهێنان و سڕینەوە و خستنیە بەر خۆر تا وشک ببنەوە، لە کاتێکدا سەرقاڵی کارەکانی بوو، ئاسمان تاریک بوو، کاتێک سەری بەرز کردەوە، بینی کە بازێک کەوتە سەر زەوی، یەکێک لە نەعلەکانی ڕفاند و بۆ دوور فڕی)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٧). کاتێکیش (ئەماسیس)ی فیرعەون بە ئاهەنگەکەوە خەریک بووە و بێزاربووە لە کەشی ئاهەنگەکە ((لەناکاو بازێک هاتە خوارەوە و نەعلێکی زێڕی گوڵ ڕەنگی خستە کۆشییەوە)) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٧). کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، ڕووداوی دۆزینەوەی پێڵاوەکە تەواو جیاوازە. لەم ئەفسانەیەدا دەڵێت: ((ڕۆژێ کچەکە چووبووە سەر ئاو ماسییەکان پاک بکاتەوە، پێی زەلی و پێڵاوی بە ئاوداچوو، بەرێکەوت نەختێ خوارتر کوڕی پاشا، کە بەخۆ و نۆکەر و دەستە و دایەرەکەی هاتبووە ڕاو، لنگە پێڵاوەکەی لە ئاو گرتەوە)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨-٩٩). لەم ئەفسانەیەدا، کوڕی پاشا خۆی پێڵاوی کچەکە لە ئاوەکەدا دەدۆزێتەوە.

٥. له ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، (ئەماسیس) دوای دەستکەوتنی نەعلە زێڕەکە، هەر زوو ئاهەنگەکە بەجێدێڵێ و بە خۆی و عەرەبانەکەیەوە بەدوای خاوەنی نەعلەکەدا دەگەڕێت. پاشان دوای ئەوەی شاران و وڵاتان دەگەڕێت و (ڕۆدۆپیس) نایدۆزێتەوە، بڕیار دەدات بە بەلەمەکەیەوە لە دێ و شار و شارۆچکەکانی دەم ڕووباری (نیل) بەدوایدا بگەڕێت و نەعلەکە بە کچانی ئەو شوێنانەدا تاقیبکاتەوە، تا لە شوێنێک لە دەم ڕووباری (نیل)دا (ڕۆدۆپیس) دەدۆزێتەوە و داوای لێدەکات نەعلەکە تاقیبکاتەوە و ئەویش نعلەکە لەپێ دەکات و نەعلەکەی تریش دەردێنێ بەمە (ئەماسیس) دەزانێت (ڕۆدۆپیس) خاوەنی نەعلە زێڕەکەیە و دەیکات بە شاژنی خۆی (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٧-١٤٨). کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، کوڕی پاشا خۆی بەدوای کچەکەدا ناگەڕێت، بەڵکو ((فەرمانی بە نۆکەرەکانی دا بچن خاوەنی پێڵاوەکە بدۆزنەوە و بیهێنن. نۆکەرەکان چوون و خەبەرەکە بە ئاواییدا بڵاوبووەوە ...... نۆکەرانی پاشا هاتن پێڵاوەکەیان تاقی کردەوە، دیتیان هی کچەکەیە. کچەکەیان برد و لە کوڕی پاشایان مارەکرد)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٩-١٠٠). لێرەدا جگە لەم جیاوازییە، لایەنێکی تریش دەردەکەوێت، کە بریتییە لەوەی (ڕۆدۆپیس) (نەعل یان سەندەل)ی هەبووە و زێڕێکی گوڵ ڕەنگ بووە، کەچی هی کچەکەی ئەفسانەی (دادە ماسی) پێڵاوێکی کچانەی ئاسایی بووە. لەلایەکی ترەوە، کاتێک (ڕۆدۆپیس) دەدۆزرێتەوە، تاکە نەعلەکەی تریشی هەر لا بووە، بەمە زیاتر دڵنیابوونەتەوە لەوەی کە ئەو خاوەنیەتی، کەچی کچەکەی ئەفسانەی (دادە ماسی) هەر بە لەپێکردنی پێڵاوەکە زانرا خاوەنی ڕاستەقینەی پێڵاوەکەیە، بەبێ ئەوەی تاکە پێڵاوەکەی تریشی لا مابێت.

٦. یەکێکی تر لەو جیاوازییانەی لە نێوان هەردوو ئەفسانەکەدا هەیە، بریتییە لە بوونی (حۆرس) وەک خواوەندێک لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، کە ڕۆڵی لە گۆڕینی ڕووداوەکاندا هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان و ئاراستەی ژیانی (ڕۆدۆپیس)، لێرەدا (حۆرس) وەکو خواوەندێکی میسرییە کۆنەکان بەشدارە لە ئەفسانەکەدا، چونکە گەلی میسری کۆن بتپەرست بوون و باوەڕیان بە فرە خواوەندی هەبووە (پەنا بە خوای تاک و تەنیا)، بۆیە دەبینین (حۆرس) لەم ئەفسانەیەدا لەسەر شێوەی بازێک بەشدارە (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٧). ئەمەش پێوەندی بە بیروباوەڕ و تێڕوانینی ئایینی بتپەرستانەی میسرییە کۆنەکانەوە هەیە کە فرە خواوەندی لەلایان دیاردەیەکی باو بووە و زۆرێک لە خواوەندەکانی خۆیان بە پیرۆز زانیووە؛ لەنێویشیاندا (حۆرس). کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، ئەم دیاردەیە بوونی نیە، ئەمەش پێوەندی بە بیروباوەڕی ئایینی کۆن و نوێی نەتەوەی کوردەوە هەیە، کە تێیدا دیاردەی فرە خواوەندی نەبۆتە دیاردەیەکی زەق.


٧. له فیرعەون (ئەماسیس) (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٥-١٤٦). کەچی له ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، کچە پاڵەوانەکەی نێو ئەفسانەکە سەرەتا هیچ بەهرەیەکی نەبووە، بەڵکو کارەکەی تەنیا بریتی بووە پاککردنەوەی ماسییەکان لەسەر رووبارەکە، بەڵام کاتێک بەهۆی زڕدایکییەوە له رێی پلانێکەوە له ماڵ دەردەکرێت و دەچێتە سەر رووبارەکە و بانگی (دادە ماسی) دەکات و دوای ئەوەی (دادە ماسی) کچەکە چاکدەکاتەوە، چەند بەهرەیەکی پێدەدات و بە کچەکە دەڵێت: ((لێرە بەدوواوە، هەرکاتێ پێبکەنی گوڵت له دەم دەبارێ و هەرکاتێ بگری مرواری له چاوت هەڵدەرژێ، کە بشرۆی زێرت لەژێر پێ دەردەکەوێ)) (رەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٩). بەڵام لەم ئەفسانەیەدا بەهرەکانی کچەکە دوای ونبوونی تاکە پێڵاوەکەیەتی، بۆیە ئەم بەهرانەی نەبوونەتە هۆی گۆڕینی دۆخی ژیانی.

## ٢-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەسەر ئاستی کەسێتییەکان

لەنێو هەردوو ئەفسانەکەدا، و له میانی رووداوەکانەوە کۆمەڵێک کەسێتی دەردەکەون، کە له نێوان کەسێتی سەرەکی لاوەکیدا دابەش دەبن. له هەردوو ئەفسانەکەشدا لەسەر ئاستی کەسێتییەکاندا چەندین لایەنی لێکچوون و جیاوازی بەدی دەکرێن، بۆیە هەڵ دەدەین لەسەر ئاستی جۆرەکانی کەسێتی لێکچوون و جیاوازییەکان بخەینە روو:

### ٢-٣-١: کەسێتی سەرەکی

له هەردوو ئەفسانەکەدا کەسێتیە سەرەکییەکە بریتییە له (کچ)ێک، کە له ئەفسانەی (رۆدۆپیس)دا ناوی کچەکە (رۆدۆپیس)ە، بە بنەچە خەڵکی (یۆنان)ە و بە منداڵی چەتەکان فرِاندوییانە و بردوویانە بۆ میسر و لەوێ بە پیرە پیاوێکیان فرۆشتووە (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٤). له ئەفسانەی (دادە ماسی)دا کچەکە نەناسراوە و نازانرێ خەڵکی چ وڵات و شوێنێکە و ناوی چیە. رووداوەکان بەدەوری ئەم دوو کەسێتیە سەرەکیەدا دەخولێنەوە و چارەنوسیان له دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەگۆڕێت و له ئاست و چینێکی پلە نزمەوە دەگۆڕێن بۆ کەسێتییەک له ئاست و چینی بەرزی نێو کۆمەڵگا، واتە له هەژاری و نەدارییەوە دەگۆڕێن بۆ (شاژن). لێرەدا جیاوازی له نێوانیاندا ئەوەیە کە (رۆدۆپیس) بەندە و خزمەتکارە و کەسێتییەکی ئازاد نەبووە، ئەگەرچی (رۆدۆپیس)یش له بنچینەدا خزمەتکار نەبووە، چونکە ئەوکاتەی کە له یۆنان بووە، له ماڵی باوکی خۆیدا ژیاوە و دەوترێت بەهۆی جوانیەکەیەوە ناوبانگی هەبووە. کەچی (کچ)ەکەی ئەفسانەی (دادە ماسی) بەندە و خزمەتکار نەبووە، بەڵکو وەک ئەندامێکی خێزانەکەی خۆی له ماڵی باوکی ژیاوە.




**٢-٣-٢: کەسێتی لاوەکی**

لە هەردوو ئەفسانەکەدا، کۆمەڵێک کەسێتی لاوەکی هەن کە لەگەڵ کەسێتی سەرەکی ئەفسانەکان (ڕۆدۆپیس) و (کچێک)دا بەشداری ڕووداوەکانن. لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین و لایەنی لێکچوون و جیاوازییان دەخەینە ڕوو

١. فیرعەون و کوڕی پاشا: لە هەردوو ئەفسانەکەدا، پاشا وەک کەسێتییەک کە بەشداری ڕووداوەکانن ئامادەییان هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لەوە دایە کە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا پاشایەکە یەکێکە لە (فیرعەون)ەکانی میسر و ناوی (ئەماسیس)ە (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٧)، هەر ئەویشە دەبێتە مێردی (ڕۆدۆپیس)ی یۆنانی. بۆیە دەبینین ئەم فیرعەونە دەسەڵاتی زۆر و فراوان و بەهێزە و پێگەی بەهێزتر و فراوانترە و میسر و ناوچەیەکی زۆری دەوروبەری میسری بەدەستەوەیە و چەقی فەرمانڕەوایەتییەکەی (مەمفیس)ی پایتەختی میسری کۆنە. کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، (کوڕی پاشا) بەشدارە لە ڕووداوەکان (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨- ٩٩)، کە دواتریش دەبێت بە مێرد و هاوژینی کچەکەی نێو ئەفسانەکە و کەسێتیەکەی نادیارە و نازانرێت ناوی چیە و کوڕی پاشای چ وڵات و شانیشینێکە. لە لایەکی ترەوە، ئاشکرایە کوڕی پاشا دەسەڵات و پێگەی کەمتر و بچووکترە و لە ڕووی بڕیاردان و ڕاوێژکردن و فەرمانڕەواییەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە بە بەراورد بە فیرعەونی میسر، چونکە هەموو ئەمانە بە دەست پاشای باوکیەوەیە.

٢. خێزان و دایک و باوکی هەردوو کچەکە: لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، (ڕۆدۆپیس) خێزانەکەی دیار نیە و نازانرێ دایک و باوکی کێن؟ چونکە تەنیا شوێنی لەدایکبوونەکەی دیارە، کە گوایە ((لە سەردەمی کۆندا، کچێک لە یۆنان لەدایکبوو ناوی (ڕۆدۆپیس) بوو، چەتەکان فڕاندییان و لە میسر فرۆشتیان، خاوەنەکەی پیرە پیاوێکی باش بوو، لەبەرئەوەی زۆربەی کاتەکانی بە نوستن بەسەر دەبرد)) (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٤)، بۆیە زۆربەی جار ئاگاداری کارەکانی نێو ماڵەکەی و خزمەتکار و کارگوزارەکان و مامەڵەیان لەگەڵ (ڕۆدۆپیس) نەبوو، هەر ئەو پیرە پیاوەش بوو کە

دواتـر نەعلە زێڕەکـانی دا بە (ڕۆدۆپیس) بۆیە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا ئەم پیـرە پیـاوە وەک خـاوەنی (ڕۆدۆپـیس) دەردەکەوێت. کەچـی لە ئەفسـانەی (دادە ماسـی)دا باسـی ئەوە دەکـات کە کـچەکە دایـک و بـاوکی دیـارن، لە ئەفسـانەکەدا دەڵێـت: ((لە سـەردەمی کۆن کچێک هەبوو زڕدایکێکی هەبوو. باوکی کچەکە ماسیگر بوو)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨). کەواتە، کچەکە دایکی نەماوە و زڕدایکی هەیە و زڕدایکەکەشی ڕەفتاری لەگەڵ کچەکەدا زۆر خراپ بووە و هەمیشە هەوڵی داوە کچەکە توشی کێشە بکات و لە مـاڵەکەدا دەریبکـاتە دەرەوە. باوکیشـی ماسـیگر بـووە و هەمـوو ڕۆژێـک ماسـی لە ڕووباردا دەگرت و دەیهێناوە ماڵەوە و کەچەکەشی دەیبردە سەر ئاو و پاکی دەکردنەوە، بۆ ئەوەی باوکی بیانباتە بازاڕ و بیانفرۆشێت.

٣. خزمەتکارەکـان: لە ئەفسـانەی (ڕۆدۆپـیس)دا، (ڕۆدۆپـیس) خزمەتکـارە و لە مـاڵی پیـرە پیـاوێکی میسـڕیدا دەژیـت و کـاری ڕۆژانە لەو مـاڵەدا دەکـات، لەگەڵ (ڕۆدۆپـیس)دا ژمـارەیەک خزمەتکـاری تـر دەژیـن، کە هەمـوو جـار گـاڵتە بە ڕەنگـی پـرچ و پێسـت و چـاوی (ڕۆدۆپـیس) دەکەن و ئیرەیـی بە جـوانییەکەی دەبەن، بـۆیە هەمـوو کـات زۆربەی کارەکـان بە (ڕۆدۆپیس) دەکەن و ستەمی لێدەکەن (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٤-١٤٥). ئەمەش لەبەرئەوەی ڕقیان لە (ڕۆدۆپیس)ە و ئیرەیی پێدەبەن. کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسـی)دا هیچ خزمەتکارێک نیە، چـونکە ئەو مـاڵەی کـچەکەی تێدا دەژیت، مـاڵی بـاوکێتی، بـۆیە کـچەکە خـۆی ئەرک و کارەکـانی مـاڵی بـاوکی جێبەجێ دەکـات (ڕەحمانیـان، ٢٠٠٤، ٩٨). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو ژینـگە و دەوروبەرەی هەردوو کـچەکەی تێـدا ژیـاوە، کە (ڕۆدۆپـیس) لە مـاڵێکی میسـڕی دەوڵەمەنـددا لە شـارێکی میسـڕی گەورەدا ژیاوە، کە خاوەنی مـاڵەکە بۆ ڕاییکردنی کارەکانی مـاڵەکەی خزمەتکـاری تریشی هەبووە، کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا کچەکە لە ماڵی بـاوکی خۆیـدا لە ئـاواییەکی ئەو شانشـینەدا ژیـاوە و هەژار و نەدار بـوونە، بـۆیە خزمەتکـار و نۆکەریـان نەبووە.

٤. خواوەنـد: لە ئەفسـانەی (ڕۆدۆپـیس)دا، لە میـانی گێـڕانەوەی ڕووداوەکانـدا یەکێـک لە خواوەنـدەکانی میسـڕییە کۆنەکـان بەشـدارە، کە بـریتییە لە (حـۆرس)، کە گـوایە لەسـەر شـێوەی باڵنـدەیەک لە ئاسـمانەوە دێتە خوارەوە و نەعلەکەی (ڕۆدۆپیس) دەبـات و دەیخـاتە کۆشـی (ئەماسـیس)ەوە (الفيفـي، ٢٠١٥، ١٤٧). کەچـی لە ئەفسـانەی (دادە ماسی)دا، خواوەند بوونی نیە. هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دید و تێڕوانینـی بیروبـاوەڕی ئـایینی هەردوو نەتەوەی میسـڕییە کۆنەکـان و کـورد، چـونکە میسـڕییە کۆنەکـان بـت پەرسـت بـوون و باوەڕیـان بە فـرە خواوەنـدی هەبـووە؛ بـۆیە ئاسـاییە لەنێـو

ئەفسانە و ئەفسانە کۆنەکانیاندا دیاردەی فرە خواوەندی بوونی هەبێ و ئەمەش پێوەندی بە بیروباوەڕی ئایینی ئەوانەوە هەیە. ئەم تێڕوانینەیان لەگەڵ کورد لەبارەی بیروباوەڕی ئایینییەوە جیاواز بووە.

٥. گیانەوەران: لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا، (حۆرس) کە لای میسرییە کۆنەکان پیرۆز بووە و لەسەر شێوەی باڵندەیەک یان بازێک بووە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گۆڕینی دۆخی ژیانی (ڕۆدۆپیس) لە خزمەتکارییەوە بۆ شاژنی فیرعەون، چونکە (حۆرس) تاکە نەعلە زێڕەکەی (ڕۆدۆپیس) دەبات و دەیخاتە نێو کۆشی (ئەماسیس)ەوە و دوتریش (ئەماسیس) بەدوای خاوەنی ئەم نەعلە زێڕەدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە و دەیکاتە شاژنی خۆی (الفیفي، ٢٠١٥، ١٤٧-١٤٨). لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، گیانەوەریش وەکو کەسێتییەکی لاوەکی لە ڕووداوەکاندا بەشدارە، بۆنموونە کاتێک کچەکەی نێو ئەفسانەکە لەسەر داوای ماسییەکە، ماسییەکە فڕێدەداتەوە نێو ڕووبارەکە و ڕزگاری دەکات، لێرەوە بەشداری کردارییانەی ماسییەکە لە ڕووداوەکانی نێو ئەفسانەکەدا دەست پێدەکات، بۆ نموونە لە ئەفسانەکەدا دەڵێت: ((کچەکە زۆر بەڕەحم بوو، ماسییەکەی بەرەڵلای ناو ئاو کرد. ماسییەکە گوتی: ئێستا کە ئەم چاکەیەت لەگەڵ کردم، هەر کاتێ منت ویست، وەرە سەر ئاو و بانگە بکە: دادە ماسی، یەکسەر دەگەمە لات)) (ڕەحمانیا، ٢٠٠٤، ٩٨). ئیدی لێرەوە ماسییەکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گۆڕانی دۆخی کچەکە لە کچێکی ئاساییەوە بۆ شاژنی ولاتێک.

**٢-٤: لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەسەر ئاستی شوێنەکان**

لەسەر ئاستی شوێندا، جیاوازی لەنێوان هەردوو ئەفسانەکەدا هەیە، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە

| شوێنەکانی ئەفسانەی ڕۆدۆپیس | شوێنەکانی ئەفسانەی دادە ماسی |
| --- | --- |
| یۆنان | شانشینێک (نادیار) |
| میسر | ئاوایێک (نادیار) |
| مەمفیس (پایتەخت) | خانووی باوکی کچەکە |
| خانووی پیرە پیاوەکە | ڕووبارێک (نادیار) |
| ڕووباری نیل | |

ئەوەی لەم خشتەیەدا دەیبینین، ئەو شوێنانەی ڕووداوەکانی هەردوو ئەفسانەکەی تێدا ڕوویداوە، لە هەندێک سیما و تایبەتیدا بەیەک دەچن، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا ڕووداوەکان لە میسری کۆن ڕوویداوە، گومانی تێدا نییە کە میسری کۆنیش شانشین بووە و (فیرعەون)ەکان ئەم شانشینەیان بەڕێوە بردووە. لە ئەفسانەی (دادە ماسی)شدا،

به هەمان شێوە ڕووداوەکان لە شانشینێک ڕوویانداوە، بەڵام ناو و شوێنی شانشینەکە دیار نیە و نەزانراوە کوێیە؟ هەروەها لە هەردوو ئەفسانەکەدا ماڵی ئەو کچانە باسکراوە کە تێیدا ژیاون. لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا ئەو ماڵەی (ڕۆدۆپیس)ی تێدا ژیاوە لە میسرِ ماڵی پیرە پیاوە باشەکە بووە، (ڕۆدۆپیس)ی وەکو خزمەتکارێک کڕیووە و بۆ ئەوەی لە ماڵەکەیدا کار بکات. کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، کچەکە لە ماڵی باوکی خۆیدا ژیاوە. لایەنێکی تری لێکچوونەکان لە شوێندا، بریتییە لە ڕووبارێک کە هەردوو کچەکە ڕۆژانە لە قەراخ ئەم ڕووبارەوە کاری شوشتن و پاککردنەوە و کاری تریان کردووە، لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا ڕووبارەکە ڕووباری (نیل)ە، ئەمەش لەبەرئەوەی شوێنە سەرەکییەکە میسرە و ئەم ڕووبارەش لە میسرِدا لە کۆنەوە تا ئێستاش هەر بەناوبانگ بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت میسرِ بەو ڕووبارەوە دەناسرێتەوە. کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا ڕووبارەکە نادیارە و نازانرێ لە کوێ بووە؟

ئەو جیاوازییانەی لە مەسەلەی شوێندا هەن لە هەردوو ئەفسانەکەدا، بریتین لەوەی، (ڕۆدۆپیس) لە سەرەتادا لە وڵاتی یۆنان لەدایکبووە و ماوەیەک لەوێ ژیاوە، پاشان کە ڕفێنراوە و هێنراوە بۆ میسرِی کۆن لە شاری (مەمفیس)ی پایتەختی میسرِی کۆن گیرساوەتەوە و ژیاوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ماڵی خاوەنەکەی لەو شارە بووە. کەچی کچەکەی نێو ئەفسانەی (دادە ماسی) لە ئاوایییێکی شانشینەکەیدا ژیاوە، کە دیار نیە لە چ ئاوایییێک بووە و سەر بە کوێ بووە؟

**٢-٥: لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەسەر ئاستی فۆرم و هەندێک تەکنیکی هونەریدا**

لەسەر ئاستی فۆرم و بەکارهێنانی تەکنیک و زمان لە هەردوو دەقەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت، چونکە هەردوو دەقەکە لەم ڕووانەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن. بەڵام دەکرێت خاڵە هاوبەشەکانیان لەمانەدا بخەینەڕوو:

١. لە هەردوو دەقەکەدا سەرەتای ڕووداوەکان بەو دەربڕینە دەستپێدەکات، کە لە ئەفسانە و ئەفسانە کۆنەکاندا باوە و دەسپێکی ڕووداوەکانی پێ دەستپێدەکات. بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا بە دەربڕینی ((لە سەردەمی کۆندا)) (الفیفی، ٢٠١٥، ١٤٤)، لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا بە دەربڕینی ((هەبوو نەبوو، لە سەردەمی کۆندا)) (ڕەحمانیان ٢٠٠٤، ٩٨)، دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکرێت.

٢. جگە لەمەش هەردوو دەقەکە بە زمانێکی سادە و ساکار و دوور لە تەم و مژی و گرێ و گۆڵ تۆمارکراون، بە جۆرێک هەرکەسێک بیانخوینێتەوە لێیان تێدەگات و ئامانج و پەیامی دەقەکەی بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەقەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و ئەفسانە و ئەفسانە و سەرگوزەشتەی کۆن، کە بە زمانێکی سادە

و ساکار و نزیک لە زمانی قسەکردنی ئاسایی خەڵکی ئاسایی وتراون، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەم ئەفسانە و بەسەرهاتە کۆنانە هی نەوەکانی پێشوون، کە لەنێویاندا نەخوێندەواری بەربڵاوبووە و ژیانێکی سادە و ساکاریان هەبووە کە تێیدا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت و کولتور زۆر ئاڵۆز و بەناویەکداچوو نەبووە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بیر و زەین و شێوەی شێوازی دەربڕینیاندا لە ئەفسانە و ئەفسانە خەیاڵی و ئەفسانەییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

٣. لە هەردوو دەقەکەدا تەکنیکی مۆنۆلۆگ بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا کاتێک (حۆرس) تاکە نەعل (سەندەل)ە زێڕەکە دەخاتە کۆشی (ئەماسیس)، ئەوکات (ئەماسیس) لە ناخی خۆیدا دەڵێت: ئەمە نیشانە و ئاماژەیەکە لەلایەن (حۆرس)ەوە (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٧). بە هەمان شێوە لە ئەفسانەی (دادە ماسی)یشدا مۆنۆلۆگ بەکارهێنراوە، ئەوەتا کاتێک کوڕی پاشا تاکە پێڵاوەکە لە ئاوی ڕووبارەکەدا دەدۆزێتەوە، لەبەر خۆیەوە لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و دەڵێت: ((ئاو ڕووناکییە، خاوەنی ئەم پێڵاوەش بەختی لەبارە و ئەگەر خاوەنی ئەم پێڵاوە بێنم، بەختم وەکو ئەم ئاوە ڕۆشن دەبێ)) (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٩).

٤. لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)دا تەنیا دوو جار دیالۆگ بەکارهێنراوە، ئەویش کاتێک ئەو خزمەتکارانەی لەگەڵ (ڕۆدۆپیس) دەژین، هەموو ڕۆژێ پێیدەڵێن: ((برۆ بۆ ڕووبارەکە و جلەکان بشۆ! جلوبەرگەکان هەڵخە! قازەکان لە باخچەکە دەرکە! نان بکە!)) (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٥). هەورەها ئەوکاتەی (ئەماسیس) (ڕۆدۆپیس) دەدۆزێتەوە، کچە خزمەتکارەکان ئیرەیی پێدەبەن و هاوار دەکەن و دەڵێن: ئەمە خزمەتکارە و خاوەنی هەیە تەنانەت میسریش نیە، ئەوکات (ئەماسیس) وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: ئەو لە هەمووتان میسری ترە (الفيفي، ٢٠١٥، ١٤٩). کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا لە زۆر شوێنی ئەفسانەکەدا گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان بوونی هەیە، بۆ نموونە گفتوگۆی نێوان کچەکە و ماسییەکە (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٨، ٩٩). هەروەها گفتوگۆی نێوان کچەکە و زڕدایکی (ڕەحمانیان، ٢٠٠٤، ٩٩).

٥. هەردوو دەقەکە زنجیرەی ڕووداوەکانیان بە شێوە کۆن و باوەکەی بونیادی ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، واتە بەو شێوەیەی کە ڕووداوەکان لە سەرەتاوە دەستپێدەکات و پاشان دەگات بە لوتکە و گرێ دروست دەبێت و گرژی تێدەکەوێت و پاشان وردە وردە ڕووداوەکان بەرە و کۆتایی و نەمان دەچن و گرێکە دەکرێتەوە، واتە شێوازی بونیاندنانی ڕووداوەکان بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

سەرەتا ← ناوەڕاست ← کۆتایی

| دەقەکان | سەرەتای ڕووداوەکان | ناوەڕاست (دروستبوونی گرێ) | کۆتایی ڕووداوەکان |
|---|---|---|---|
| ڕۆدۆپیس | هاتنی ڕۆدۆپیس بۆ میسر و کارکردنی وەک خزمەتکار | فڕاندنی تاکە نەعلە زێڕەکەی لەلایەن (حۆرس)ەوە | دۆزینەوەی ڕۆدۆپیس و بوون بە شاژن |
| دادەماسی | کارکردنی کچەکە وەک پاککەرەوەی ماسییەکان بۆ باوکی | تاکە پێڵاوەکەی کەوتە نێو ڕووبارەکەوە | دۆزینەوەی کچەکە و بوون بە خاتوونی شازادە |

بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوان هەردوو دەقەکە لە (کەرەستە و کەسێتی و ڕووداو و شوێن و ... هتد)، لەم خشتانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

**- خاڵە جیاوازەکان:**

| ئەفسانەی ڕۆدۆپیس | ئەفسانەی دادەماسی |
|---|---|
| بنچنەی کچەکە: یۆنانی | نەزانراو |
| شوێنی ڕووداو: میسر و یۆنانی | شانشینێکی نەزانراو |
| فیرعەون (ئەماسیس)ی دووەم | کوڕی پاشا |
| سازکردنی ئاهەنگ | چوون بۆ ڕاو |
| خزمەتکارەکان نایەڵن (ڕۆدۆپیس) بڕواتە ئاهەنگەکە | زڕدایکی نایەڵێ نۆکەرانی کوڕی پاشا کچەکە ببینن |
| خزمەتکارەکان ستەم لە (ڕۆدۆپیس) دەکەن | زڕدایکی ستەم لە کچەکە دەکات |
| (ڕۆدۆپیس) بەهۆی ڕێگری لێکردنی لەلایەن خزمەتکارەکانەوە نەیتوانی پاشا ببینێت لە ئاهەنگەکە. | کچەکە لە ئەنجامی خواردنی چەند دەرمانێک و دەرکرنی لە ماڵەکەی نەیتوانی نۆکەرانی کوڕی پاشا ببینێت. |
| هاوڕێی کچەکە: مەیمون و ئەسپی دەریا و باڵندە | هاوڕێی کچەکە: ماسی |
| نەعل یان سەندەلی زێڕ | پێڵاوی ئاسایی |
| فڕاندنی سەندەلەکە: حۆرس | پێڵاوەکە دەکەوێتە ڕووبار |
| حۆرس هۆکارە بۆ گۆڕینی دۆخی ڕۆدۆپیس | ماسییەکە هۆکارە بۆ گۆڕینی دۆخی کچەکە |
| (ئەماسیس) بۆخۆی بەدوای ڕۆدۆپیسدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە. | پیاوان و نۆکەرانی کوڕی پاشا بەدوای کچەکەدا دەگەڕێن و دەیدۆزنەوە |
| ڕۆدۆپیس دەبێتە ژنی فیرعەون (پاشا) | کچەکە دەبێتە ژنی کوڕی پاشا |
| ڕووبار: نیل | ڕووبار: نەزانراو |

- **خاڵە هاوبەشەکان:**

| -ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) و ئەفسانەی (دادە ماسی) |
|---|
| لە هەردوو دەقەکەدا، کچێک پاڵەوانە. |
| لە هەردوو دەقەکەدا، چارەنووسی کچەکە لە دۆخی خزمەتکاری و ستەملێکراوییەوە دەگۆڕێن بۆ شاژن. |
| لە هەردوو دەقەکەدا، تاکە سەندەڵێک یان پێڵاوێک دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان و وەرچەرخان لە ژیانی هەردوو کچەکە. |
| لە هەردوو دەقەکەدا، دوای دۆزینەوە کچەکان، (سەندەل – نەعل) یان (پێڵاو)ەکە بە پێی کچەکان تاقی دەکرێنەوە. |
| لە هەردوو دەقەکەدا، گیانەوەر دەبنە یارمەتیدەر بۆ گۆڕینی چارەنووسی کچەکان |
| لە هەردوو دەقەکەدا، |

**ئەنجامی توێژینەوە**

**لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە**

١. بوونی پێوەندی و کاریگەری نێوان دوو دەقی بە زمان جیاواز یەکێکە لە بنچینەکانی قوتابخانەی فەرەنسی بەراوردی ئەدەبی. لێرەشدا، ئەفسانەی (دادە ماسی) زاری لوڕی ـ زمانی کوردی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسرییە کۆنەکان و لەسەر بنچینەی ئەم دەقەوە بونیادنراوە.

٢. بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی بەراوردی ئەدەبی، بوونی پێوەندی مێژوویی و دیاریکردنی هۆکاری گواستنەوەی کاریگەرییەکان بنەڕەتێکی سەرەکییە لە توێژینەوەدا، بۆیە هۆکاری پەڕینەوەی کاریگەرییەکان (پێوەندیی مێژوویی) لە دەقی (ڕۆدۆپیس)ەوە بۆ ئەفسانەی (دادە ماسی) بریتییە لە جەنگی دوور و درێژی نێوان فارسەکان و وڵاتی میسری کۆن.

٣. بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی بەراوردی ئەدەبی، دەبێت یەکێک لە دەقەکان سوودی بەوەی تر گەیاندبێ لە ڕووەکانی (ناوەرۆک و بابەت، لایەنی ئیستاتیکی و هونەری، شێوازی دەربڕین و .... هتد). بە گوێرەی ئەم بنەڕەتەوە ئەفسانەی (دادەماسی) لە هەموو ئەم لایەنانەوە سوودی لە ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ی میسرییە کۆنەکان وەرگرتووە.

٤. لە هەردوو ئەفسانەکەدا بابەت (تێمە)ی سەرەکی بە دەوری گۆڕانی قەدەر و دۆخی ژیانی کچێکی هەژار و خزمەتکاردا دەخولێتەوە، کە قەدەری خوا وادەبێت ژیانیان لە دۆخی هەژاری و خزمەتکارییەوە بۆ دۆخێکی باشتر (بوونیان بە شاژن) دەگۆڕێت.

٥. ئەگەرچی کاریگەری ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس)ە بەسەر ئەفسانەی (دادە ماسی)یەوە دیارە، کەچی ئەفسانەی (دادە ماسی) سروشت و تایبەتمەندییە کوردەوارییەکەی خۆی

پاراستووە و ئەو دیدە ئەفسانەییەی کوردی پێ دەناسرێتەوە لەنێو ئەفسانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

٦. ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) زیاتر سروشتێکی ژیار و شارستانیەت و ژیانی فیرعەونییەکانی پێوە دیارە، کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا، ژیار و شارستانیەت و ژیان و بیروباوەڕی ژیانی کوردەواری ڕەنگیداوەتەوە.

٧. ڕووداوەکانی ئەفسانەی (ڕۆدۆپیس) لە یۆنان و میسر ڕوویانداوە، کەچی لە ئەفسانەی (دادە ماسی)دا شوێنی ڕووداوەکان دیارنین و زۆربەی زانیارییەکان لەبارەی کەسێتی و کات و شوێنەوە نادیارن.

## سەرچاوەکان


- **بە زمانی کوردی**

- **کتێب**

- حەسەن، د. مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، گەڕان بەدوای نەمریدا، چ١، چاپخانەی تاران: تاران.
- ڕەسول، د. عزالدین مستەفا (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٣، دەزگای ئاراس: هەولێر.
- گەردی، عەزیز (١٩٨٧)، بەراوردی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.
- موکری، کامەران (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

- **دەقی ئەفسانە**

- ڕەحمانیان، کوروش (٢٠٠٤)، ئەفسانەی لوڕی (ئەفسانەی لوڕی و بەختیاری و شوشتەری)، وەرگێرانی: عەزیز گەردی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

- **نامەی ئەکادیمی**

- حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٧)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

- **بە زمانی عەرەبی**

- **کتب**

- إيفانز، أ. ج. (٢٠٢٣)، هيرودوت، ت: امين سلامة، مؤسسة هنداوي: المملكة المتحدة.
- جمعية التجديد الثقافية الاجتماعية (٢٠٠٩)، الاسطورة (توثيق حضاري)، ط١، دار كيوان: دمشق.
- درويش، د. علي (١٩٧٣)، دراسات في الادب الفرنسي: القاهرة.
- راك، ى.ف. (٢٠١٠)، اساطير مصر القديمة (الشرق القديم_ دين_ اساطير_ ثقافة)، ت: د. محمد العلامي، ط١، دار الفكر: عمان.
- الفيفى، د. عبدالله بن احمد (٢٠١٥)، هجرات الاساطير (مقاربات تطبيقية في الادب المقارن)، دار جامعة الملك سعود للنشر: الرياض.

- هيرودوت (٢٠٠١)، تاريخ، ت: عبدالإله الملاح، المجمع الثقافي: ابو ظبي.

- **مجلة**

- هيكل، د. شروق سمير (٢٠٢١)، الدعم الاثيني للثورة المصرية ضد الفرس، مجلة وقائع تاريخية، ع: ٣٥، الجزء: ١، كلية الاداب، جامعة القاهرة: القاهرة.

- **به زمانى ئينگليزى**

- **Books**

- Cambridge Advanced Learners Dictionery (2009), 3rd, Green Gaint Press: Singapore.
- Claudius, Aelian 1970), Various Histories, translated: Thomas Stanley, book 13, chap 33, Thomas Basset: London.
- Herodotus (1920), The Histories, translated: A. D. Godley, Book2, Cambridge, Harvard University press: London.
- Kerenyi, C. (1951), The Goods of The Greeks, 1st, Thames and Hudson: Londodn – New york.
- Strabo (1967), The Geography, taranslated: Horace Leonard, v. 8, Hravard University Press: London.

# تأثير الأسطورة المصرية القديمة (رودوبيس) على الأسطورة اللورية الكردية (داده ماسى)
# دراسة أدبية مقارنة وفق المدرسة الفرنسي


**الملخص**

إن تـأثير الأسـاطير القديمـة وقصص الأمـم القديمـة والسـابقة، أي تلـك الأمـم التـي اختفت الآن كأمة وكلغة، يظهر بوضوح في النصوص الأسطورية الكردية. ويرجع ذلك إلى القـرب الجغرافـي لهـذه الـدول ووجـود روابـط تاريخيـة بينهـا. وسـواء كانـت هـذه العلاقـة علـى مسـتوى الجـوار أو علـى مسـتوى الحـرب والاحـتلال أو علـى مسـتوى الاقتصـاد والمـرور، فربمـا يكـون أحـدهما قـد نقـل هـذا التـأثير. ومـا يعـرض فـي هـذه الدراسـة هـو تـأثير قصـة فرعونيـة مصرية قديمة تسمى رودوبس على أسطورة كردية قديمة تدعى دادا ماسي، والتي ظهرت فيما بعد في القرون الميلادية في أوروبا هذه القصة المصرية القديمـة التـي تسـمى سـندريلا وعـدة أسـماء أخـرى فـي الأسـاطير الأمـم الشـرقية. و عـادت إلـى الظهـور فـي الغـرب بعـد أن أخـذ الأوروبيون هذه الحكاية عن المصريين القدماء وأعادوا نشرها مع عدد من التغييرات تحت اسم أوروبي. وقد تم استخدام مناهج ومبادئ المدرسة الفرنسية للمقارنة في إجراء البحث، ويتكون البحث من جزأين، وأخيرا تم عرض النتائج وقائمة المصادر.



**الكلمات الداله:** *رودوبيس، داده ماسى، الاسطورة، الاسطورة الكوردية، التأثير الادبي.*

# The Influence of the Ancient Egyptian legend of (Rhodopes) on the Kurdish Lori legend of (Dada Masi)

## A comparative literary study according to the French school


**Abstract**

The influence of ancient legends and stories of ancient and previous nations, that is, those nations that have now disappeared as a nation and as a language, is clearly visible in Kurdish mythological texts. This is due to the geographical proximity of these nations and the existence of historical ties between them. Whether this relationship is at the level of neighborhood or at the level of war and occupation or at the level of economy and traffic, one of these may have transmitted this effect. What is presented in this study is the influence of an ancient Egyptian pharaonic story called Rhodopes on an ancient Kurdish legend called Dada Masi, which later in the centuries AD in Europe this ancient Egyptian story called Cinderella and several other names in the mythology of the Eastern nations and It reappeared in the West after Europeans took this tale from the ancient Egyptians and republished it with a number of changes under a European name. The methods and principles of the French comparative school have been used to conduct the research. The research consists of two parts. Finally, the results and a list of sources are presented.



**Key words**: Rhodopis, Dada Masi, Legend, Kurdish Legend, Literary Influence.